# دەروازەیەک بۆ تیۆریزەکردنی پرسی کار، ژن و سەرهەڵدانی توندوتیژی

پێشڕەو محەمەد



٥ی حوزەیران ٢٠٢٢ توێژینەوە

[ئەم توێژینەوەیە پێشکەشە بە پڕۆژەی 'ئەم مرۆڤانە کار دەکەن']

**دەروازە:**

**کار چییە و چۆن سەری هەڵداوە؟**

هەمیشـــە لە کتێبە مێژووییەکـانـدا ئەوە دەخوێنینەوە کە «گەورە پیـاوان» داهێنەری شـــارســـتانێتی مەزنی مرۆڤایەتین، بەڵام لە مێژووی ســـەرهەڵدانی شـــارســـتانێتیدا هەرگیز ئاماژە بە ناوی بکەرە ڕاســـتەقینەکانی دامەزرێنەری

شـــارســـتانێتی ناکرێت. شـــارســـتانێتی و کولتوور بەرهەمی کاری بەردەوام و زەحمەتی زۆرینەی کارکەرانی کۆمەڵگا بووە، لە کاتێکدا هەمیشـــە ئەو بکەرە ڕاســـتەقینانە بێ ناو ماونەتەوە. (بێرتۆلت بریێشـــت) شـــیعرێکی هەیە بە ناوی «پرسیارەکانی ئەو کرێکارەی دەتوانێت بخوێنێتەوە» و تێیدا دەنووسێت:

*کێ تیبسی حەوت دەروازەی بونیاد نا؟*

*ناوی پاشایان لە کتێباندا هاتووە.*

*ئەوە پاشایان بوون تاوێرە بەردەکانیان بەرز دەکردەوە؟*

*و بابل، سەدانجار وێرانکراو.*

*کێ بوو جارەهای جار بونیادی نایەوە؟ بونیادنەرانی*

*لە کام کاروانسەرای زێڕینی لیمادا دەژیان؟*

*ئەو ئێوارەیەی دروســـتکردنی دیواری چین تەواو بوو، بیناکارەکانی چوونە کوێ؟*

*ڕۆمای مەزن*

*سەرکەوتن بەسەر سەرکەوتندا کەڵەکە دەکات.*

*کێ ئەم سەرکەوتنانەی دەستەبەر کرد؟*

*سیزارەکان سەرکەوتنیان بەسەر کام خەڵکدا بەدەست هێنا؟*

*بیزانسی هەمیشە ستایشکراوی ناو سترانان، ئایا تەنها ئەهلەکەی خۆی کردە کۆشکنشین؟*

*تەنانەت لە ئەتلانتیسی ئەفسانەییدا*

*ئەو شەوەی ئۆقیانوس قووتی دا،*

*هاواری نوقمبووانی کۆیلەکانی بەرز دەبووەوە.*

*ئەسکەندەری لاو هیندستانی گرت.*

*ئایا ئەو بەتەنها بوو؟*

*سیزار گۆلەکانی بەزاند.*

*ئایا چێشتلێنەرێکی لەگەڵ نەبوو؟*

*پاشـا فیلیپی ئیسـپانیا بۆ نقوومبوونی کەشـتییە جەنگییەکانی گریا. ئەرێ تەنها ئەو بوو دەگریا؟*

*فریدریشی دووەم براوەی جەنگی حەوت ساڵە بوو.*

*ئەرێ هەر ئەو بوو براوە بوو؟*

*لە هەموو لاپەڕەیەکدا سەرکەوتنێک.*

*دەستی سووری سەرکەوتووان هی کێ بوو؟*

*هەر دە ساڵ پیاوێکی گەورە.*

*کێ تێچوونەکەی دەدات؟*

*دنیایەک ڕاپۆرت.*

*دنیایەک پرسیار[1]!*

ئەم شـــیعرە بناغەی ماتریالیزمی مێژوویی دادەڕێژێت، مێژوویەک کە بتوانێت مـافی قوربـانییـانی بـدات و ببێتە سـەکۆیەک بۆ پەراوێزخراوەکـان و دەنگی بێدەنگکراوان و نـاوی بێ نـاوان. سـەرەتا دەبێت ئـاماژە بەوە بکەین، کە لە مێژووی مرۆییدا (چەمکی مۆدێرنی کار) بەو مانایە کە ئەمڕۆ ئێمە هەمانە بە هیچ شیوەیەک نییە. تەنانەت تا پێش (شۆڕشی فەڕەنسیی ١٧٨٩) شتێک نەبوو بە ناوی (کەرامەتی کار-Dignity of Work)، لەبەر ئەوەی هیچ شـتێکێکش بە نـاوی (کەرامەتی مرۆڤ -Human dignity) بوونی نەبوو. ئەوەی پێشـــتر هەبوو تەنها سەردەمی کۆیلایەتی و کاری بێگاریی بوو، کە بەگشتی بە خەڵکێک دەکرا کە کۆیلە کرابوون. بۆ نموونە لە مێژووی یۆنـانی کۆنـانـدا، جگە لە ئەسینایییەکان، کۆی شارستانێتیی ئەو وڵاتە لەسەر بنەمای سووکایەتیکردن بە کار دامەزرابوو، سـپارتایییەکان فەزیلەتی سـەربازییان بەسـەر فەزیلەتی کـارکردنـدا بەرز دەکردەوە. بە بڕوای ئەوان ئەریسـتۆکراتەکان نەدەبوو کار بکەن، چونکە کار پیس، قرێژ، قێزەون و نزمە و دەبێت کۆیلەکان ئەنجامی بدەن، لە کاتێکدا سـەربازانی جەنگاوەر وەک فەزیلەتی ڕاسـتەقینە دەبینران و لە چینی ئەریسـتۆکراتییەوە دەهاتن. پاشـان سـەردەمی فیودالیزم دێت، کە ئەم جارە مرۆڤی کارکەر دەبێتە وابەسـتە و بەسـتراوە بە زەوییەوە، تەنها بۆ ئەوە کار دەکات کە بژی و بژێوی و هێزی سـبەی بەرهەم بهێنێت. کاتێک (لۆردێک)، ئاغایەک، خاوەن زەوییەک زەوییەکەی بفرۆشـتایە، هەموو کارکەرانی سـەر زەوییەکەش لەگەڵیدا دەفرۆشـران و دەبوونە موڵکی ئاغایەکی دیکە. تەنانەت هـاتوچۆش پەیوەنـدی بە قەواڵەی زەوییەوە هەبوو، کـارکەرێـک (یـاخود ئیشـکەرێک، کرێکارێک) لە ناوچە و شـارێکەوە بۆی نەبوو بڕوات بۆ شـار و ناوچەیەکی دیکە، چونکە بەگوێرەی ڕێککەوتن و عورف و دەسـتوری ئاغا و خاوەن زەوییەکان، ئەو کەسەی وەک بێگار لەسەر زەویکاری پێ دەکرا، دەبوو

بۆ زەوی و شـــار و گوندی ئاغاکە ڕەوانە بکرێتەوە. بێگار ئەو کەســـە بوو لەسەردەمی فیودالیزمدا نە کۆیلە بوو هاوشێوەی سەردەمی کۆن و نە کرێکاری مۆدێرن، مۆدێلێکی کارکردنی وابەستەی زەوی.

لەگەڵ هاتنی جیهانی مۆدێرندا، بە دیاریکراوی لەگەڵ ســەرهەڵدانی شـۆڕشـە بۆرژوازییەکاندا، کە لە شـۆڕشـی فەڕەنسـی ١٧٨٩دا دەگاتە لوتکە، بۆرژوازیی تازە هەم لە بواری بازرگانی و هەم پیشەســازیدا دەرکەوت. بۆرژوازیی تازە لەگەڵ کۆیلە، ڕەعییەت و وابەســتەکانی زەوییەکانی پێشــوودا یەک دەگرن و جەنگێکی بێ ئامان دژی بناغە و ســەرجەم باڵەخانە دوو هەزار ســاڵەکەی ئەریســتۆکراتی و فیودالیزم ڕادەگەیەنێت. هەر لێرەوەیە کە دەبینین کـارڵ مارکس و فریدریش ئەنگلس لە «*مانیفێســتی پارتی کۆمۆنیســت*، ١٨٤٨»دا ستایشـێکی سـەرسـەختی بۆرژوازیی نوێ دەکەن چونکە مرۆڤی لە کۆتوبەند و وابەستەبوون بە زەوی و ئایین و فیودالیزم ڕزگار کردووە، لە جیاتی کرێکاری مۆدێرنی بەرهەم هێناوە کە پێی دەڵێن «پرۆلیتاریا»[٢]. هەرچەندە ئەوان ئەوەش لەبیر نـاکەن، کە بۆرژوازیی نوێ ئەم جـارە بە فۆرمێکی دیکە کرێکـار دەچەوســێنێتەوە و لەبری پاشــکۆی زەوی، دەیکاتە کرێکاری کرێگرتە. واتا کرێکـار ئەم جـارە لەبری ئەوەی بە زۆر بێـت ئـازادانە هێزی کـاری خۆی دەفرۆشـێت بۆ ئەوەی بژی و بژێوی خۆی پەیدا بکات. ئەمەش بەو مانایەی کە بۆرژوازی ئەم جارە بە زۆر کرێکار و هێزی کار وابەستەی خۆی ناکات، بەڵام لە دەرەوەی نەزمی بۆرژوازی هیچ دەرفەتێک بۆ کار نـامێنێتەوە. کرێکـار بۆ ئەوەی بژی، ناچارە بچێتەوە ناو کارگە پیشەســازییەکانی بۆرژوازی و هێزی کاری خۆی بفرۆشــێت، بۆ ئەم مەبەســتەش ئەوەی بەرهەمی دەهێنێت، خۆی

نـابێته خـاوەنی، بەڵکوو لەبری ئەوەی ئەنجـامی دەدات ئەو کرێی کەمەیە کە خاوەن کار پێی دەبەخشـێت. لێرەوە تیۆری (نامۆیی کار) سـەر هەڵدەدات، واتا کرێکار لە پرۆسـەی کارکردندا بۆ بۆرژوازی بە چوار قۆنـاغی نـامۆبووندا دەڕوات:

یەکەم: «نـامۆبوون لە بەرهەمی کـارەکەی» واتـا ئەوەی بەرهەمی دەهێنێت، خۆی نابێتە خاوەنی، بەڵکوو دەبێت پارەیەکی زۆر کۆ بکاتەوە، لە بازاڕ بیکڕێت.

دووەم: «نامۆبوون لە سـروشـت» بەو مانایەی کە کرێکار چیتر پەیوەندییەکی هەمەلایەنە و مرۆیی بە سـروشـتەوە نەماوە و بەڵکوو بەرهەمهێنان لەسـەر وزەی زەوی و ژینگەیەک دەکات، کە کەسـێکی دیکە داگیری کردووە ئەویش خاوەنکارە.

سـێیەم: «نامۆبوونی کرێکار لە هاوڕێ کرێکارەکەی» لێرەدا چیتر پەیوەندی نێوان کرێکاران پەیوەندییەکی هاوڕێیانە و هاوپشـتیی نییە بەڵکوو کێبڕکێیە، چونکە سـەرمایەدار هـانی کرێکـاران دەدات بۆ کـاری قوورسـتر، بۆ ئەم مەبەستەش پاداشتێکی کەم دەبەخشێتە بە کرێکاری ماندووتر و زەحمەتکێشتر، هەر بۆیە لە جیاتی هاوپشتی و پەیوەندیی یەکسان، سەردەمی کێبڕکێ و یەکتر لەناوبردن دەست پێ دەکات.

چوارەم: «نامۆبوون لە جۆری مرۆیی» واتا کرێکار چیتر خۆی وەک مرۆڤ و چالاکیی خۆی وەک چالاکییەکی مرۆیی نابینێت، هەروەها پەیوەندیی خۆی بە مرۆڤەکانی دەوروبەرییەوە لەدەست دەدات[٢].

## کار وەک چالاکیی زیندووی ژیان

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا پێویستە باس لە سەرهەڵدانی کار وەک چالاکییەکی زیندووی ژیان بکەین. ئێمە دەزانین ئەوانەی کار دەکەن کەمترین دەستکەوتی بەرهەمەکانیان بۆ خۆیان دەبێت، بەڵام ناکرێت نابێت لێرەدا بە شێوەیەکی دۆگمایی بڕوانینە پرسی کار، بەڵکوو لەجیاتی ئەوە ئێمە دەبێت بە شێوەیەکی دیالەکتیکی پرۆسەی کار ببینین. سەرهەڵدانی چەمکی (کەرامەتی کار)، هەر ئەوە نییە کە کرێکار دەکاتە پاشکۆ و ئەڵقەلەگوێی سەرمایە و کۆت و بەندی دەکات، بەڵکوو هەر ئەم پرۆسەیە یارمەتی دەدات لە بوونی خۆی وەک بکەرێکی سیاسی وشیار ببێتەوە، ئەم وشیاربوونەوەیەش پرۆلیتاریا دەکاتە بکەرێکی شۆڕشگێڕ.

هەڵبەت کارڵ مارکس یەکەم بیرمەندە لە مێژووی مرۆڤدا کە زۆر بەقووڵی و هەمەلایەنی تیۆریزەی چەمکی کاری کردووە. ئەو کار وەک کاتیگۆرییەکی تەواو گرنگ دەبینێت بۆ پرۆسەی بەرهەمهێنان و بەرهەمهێنانەوەی ژیانی کۆمەڵایەتی. لە نووسراوێکیدا بە ناوی «لێکدانەوەکان دەربارەی ڕەگەزەکانی ئابووریی سیاسیی جەیمز میل»، مارکس تێگەیشتنێکی تەواو دیالەکتیکیانە بۆ چەمکی کار دەکات و دەنووسێت:

«کارەکەم دەبێتە بەرجەستەبوون و دەرکەوتنێکی ئازادیی ژیان، کەواتە دەشبێتە چێژوەرگرتن لە ژیان. بەڵام بە گریمانەکردنی لێرەبوونی خاوەندارێتیی تایبەت، کارەکەم تەنها نامۆبوونە لە ژیان، چونکە بۆ ئەوە کار دەکەم تا بژیم، بۆ ئەوە کار دەکەم تا بژێویی ژیان بەدەست بهێنم. کارەکەم ژیانی من نییە... بەگریمانەکردنی خاوەندارێتیی تایبەت، تاکایەتیی من بەڕادەیەکی وەها نامۆ و بێگانە دەبێت، کە ئەم چالاکییە دەبێتە چالاکییەک ڕقم لێی بێت، دەبێتە جۆرێک

له سـزادانی من که دووره لەوەی لێکچوونی لەگەڵ چالاکیدا هەبێت. کەواتە کار تەنها چالاکییەکی زۆرەملێیە کە کەسـانێک لە ڕێگای پێداویسـتیی دەرەکییەوە بەسـەریاندا سـەپاندووم، نەک بەهۆی پێداویسـتییەکی گرنگ و ناوەکی و جەوهەرییەوە»[٤].

لەو کـاتەوە کە مـارکس تێبینی و چـاودێریی مـانگرتنەکـانی کرێکـاران و خەبـاتەکـانی خەڵـک و جووتیـارانی دەکرد کە بۆ دار و درەخـت و بۆ نیشـتەجێبوون دەیانکرد، دەسـتی کرد بە بەکارهێنانی شـیکاریی ڕەخنەییانەی خۆی دەربارەی ئابووریی سـیاسـی، تا کۆمەڵێک بنچینەی بەرجەسـتە و کۆنکرێتی بۆ تێگەیشـتن لە ماتریالیزمی تازە بۆ مێژوو دابین بکات. چالاکیی مرۆیی، بە فراوانی وەک ڕەگەزێکی بنچینەیی بۆ ئەم ماتریالیزمە نوێیە دەبینرا. لە »دەسـتنووسـە ئابووری و فەلسـەفییەکانی ١٨٤٤»دا مارکس ئامادەکاری بۆ یەکەم کۆتێزی خۆی بۆ *کـار وەک چـالاکییەکی زینـدوو دەکـات*. بۆیە دەڵێت بوونی مرۆیی:

«چالاکیی خودی ژیانی مرۆڤ دەکاتە بابەت و ئۆبژێکتێک کە وشـیاری و ئیرادەی ئەوە. ئەو خاوەن چالاکیی وشیارانەی ژیانە، ئەمەش دەستنیشانکردنێک نییە کە ڕاسـتەوخۆ لەگەڵیدا دەربکەوێت، چونکە چالاکیی وشـیارانەی ژیان، ڕاسـتەوخۆ مرۆڤ لە چالاکیی ژیانی ئاژەڵی جیا دەکاتەوە. هەر لەبەر ئەوەشـە کە خـاوەن بوونێکی جۆرییە. تەنهـا لەبەر ئەوەی کە مرۆڤ خـاوەن بوونێکی وشـیارانە و جۆرییە، ژیانی خۆی دەبێتە بابەت و ئۆبژێکتێک بۆ خۆی. هەر لەبەر ئەوەشە کە چالاکیی ئەو بریتییە لە چالاکیی ئازاد»[٥].

پەیوەندییە ئاڵۆزەکانی نێوان بوونی کۆمەڵایەتی و سروشت لەم ڕووەوە، کاریگەریی ڕەهەندەکانی پەیوەندی نیوان خۆیان دەبیننەوە: واتا «ژیانی فیزیکی و ڕۆحیی مرۆڤ پەیوەست دەبێت بە سروشتەوە بەو مانا سادەیەی سروشت خۆی پەیوەست دەبێت بە خۆیەوە، چونکە مرۆڤ خۆی بەشێکە لە سروشت»[٦]. کەواتە گۆڕینی سروشتی ئۆرگانی، کە بەهۆی چالاکیی مرۆییەوە بەدیهاتووە، ناوبژیوان و نێوانگیرییەکی پێویست و گرنگە کە خۆی لەناو کارکردندا دەدۆزێتەوە، بە مانای «کەرەستە، بابەت و ئامرازی ژیانی چالاکانەی خۆییەتی»[٧]. لێرەوەیە تێدەگەین بەرهەمهێنان و بەرهەمهێنانەوەی ژیانی کۆمەڵایەتی بناغەی خۆیان لەناو چالاکیی کاردا هەبووە و هەیە. ئەمەش لەلایەن مارکس و ئەنگلسەوە بەتایبەتی لە کتێبی «ئایدیۆلۆژیای ئەڵمانی»دا فراوانتر دەکرێت، بە دیاریکراویش لەو شوێنەدا کە دەڵێن:

«لەم ڕووەوە یەکەم کردەی مێژوویی بریتییە لە بەرهەمهێنانی ئامرازی دابینکردنی پێداویستییەکانی بەرهەمهێنانی خودی ماتریال و کەرەستەی ژیان. لە ڕاستیدا ئەمەش بریتییە لە کردەیەکی مێژوویی، وە هەلومەرجێکی بنچینەیی سەرجەم مێژوو، کە تا ئەمڕۆش، هاوشێوەی هەزاران ساڵ پێش ئێستا، دەبێت هەموو ڕۆژێک و هەر کاتژمێرێک تەنها لە پێناوی مانەوەی ژیانی مرۆییدا بەدی بهێنرێت و ئەنجام بدرێت»[٨].

بەرهەمهێنانی ئامرازی پێویست بۆ دابینکردنی پێداویستییە مرۆییەکان دواتر گۆڕا بۆ هەلومەرجێکی بنچینەیی ژیانی مرۆیی خۆی، بە واتا هەمان بناغەی پرۆسەی بەمرۆییبوون. کار وەک شتێک دەبینرا لکابێت بە ژیانی مرۆڤەوە، وەک ئەوەی ئەوان بەهۆیەوە بوونەتە بوونەوەرێکی مرۆیی و کۆمەڵایەتی:

«مرۆڤەکان دەکرێت لە ڕێگای وشـــیاری، ئایین یان هەرشـــتێکی دیکەی هاوشـــێوەوە لە ئاژەڵان جیا بکرێنەوە. هەر ئەو کاتەی دەســـت دەکەن بە بەرهەمهێنانی ئامرازەکانی بژێویان ڕێک لێرەوە خۆیان لە ئاژەڵان جیا دەکەنەوە، هەنگاوێک کە بەهۆی ڕێکخســـتنی جەســـتەیی و فیزیکییانەوە بەدی دێت و دەســـتەبەر دەبێت. لە ڕێگای بەرهەمهێنانی ئامرازی مانەوە و بژێویان، مرۆڤەکان ناڕاستەوخۆ ژیانی ماتریالیی خۆشیان بەرهەم دەهێنن»[٩].

لێرەوەیە دەبینین کار وەک چالاکییەکی زیندووی ژیان ســـەر هەڵدەدات، وە کاتێک کار وەک ڕەگەزێکی زیندووی ژیان دەبینرێت، لە ڕاســـتیدا وەک خەســـڵەتێکیشـــە کە بوونی مرۆیی لە بوونی ئاژەڵی جیا دەکاتەوە، هەر بۆیە دەبێتە ڕەگەزێکی بنچینەیی و ســـەنتراڵی مرۆڤایەتی. بێگومان مەحاڵە ژیانێکی کۆمەڵایەتی بەبێ بەدیهێنـانی کردەیەکی بەرهەمهێنەرانەی ڕۆژانە درک پێ بکەین، بەڵام ژینگەی مرۆیی و کۆمەڵایەتی خۆی گۆڕانی بەســـەر مانا بنچینەیی و بنەڕەتییەکەدا هێناوە کە پێشـــتر لە ناو چەمکی کار و کەرامەتی کار و ئەو ئامانجەدا هەبوون کە بە هۆیەوە ســـەری هەڵدابوو. وەک پێشـــتریش ئاماژەمان پێ کرد، لێرەدایە کە کار وەک چالاکییەکی نامۆبوو دەردەکەوێت، لەبەر ئەوەی ئیتر کار وردە وردە لەناو ســـەرمایەداریدا و لەگەڵ ســـەقامگیربوونی سیستەمەکدا، لەوە دەکەوێت چیتر کار بێت وەک چالاکییەکی زیندوو، چالاکیی خۆ-بەدیهێنان و فراوانکردنی تواناکانی ژیان. ئەگەر کار بناغەی پێکهێنانی ژیانی زیندوو، چالاکیی ژیانی، بناغەی بەرهەمهێنانی هونەر، ئەدەب، جوانی و ئێســـتاتیکا و کۆی ئەو باڵەخانەیەی شـــارســـتانێتی بووبێت، ئەمڕۆ کار لەناو ســـەرمایەداریی نیۆلیبراڵدا خەریکە دەگەڕێتەوە پێش ســـەرهەڵدانی چەمکی «کەرامەتی کار».

ئێمە لە سـەردەمێکدا دەژین کە کار ئەو مانایەی لە دوو سـەد سـاڵی ڕابردوودا هەیبوو وەک بنـاغەیەک بۆ دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگە جۆراوجۆرەکـان و ڕاگرتنی پایەکانی یەکسـانی و یەکسـانیی هەمەلایەنە، ئەمڕۆ لەناو کۆمەڵگەی سـەرمایەداریدا هەموو ئەو مانا و گرنگییەی خۆی لەدەسـت داوە. بەبێ بزووتنەوەی کار لە دوو سـەد سـاڵی ڕابردوودا، هەرگیز مێژووی کۆمەڵگە مرۆییەکان نەیدەتوانی دەستبەرداری ڕیشەیی هەزاران ساڵەی ئەریستۆکراتی، فیودالیزم، کۆیلایەتی و ڕیشـە کۆنەپارێزییەکانی هەرەمییەتی دەسـەڵات و پیاوسـالاری ببێت. بەڵام ئەوەی کە ئەمڕۆ ئێمە شـایەتحاڵین، بریتییە لە داکشـاندنەوە و دابەزاندنێکی چەندایەتییانەی ناو بواری بەرهەمهێنان. لەبری خزمەتکردن بە بەهای بەکاربردن، کاری ئەبستراکت و ڕووت بەردەوامە لەوەی ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوەی لە دروسـتکردنی بەهای ئاڵوگۆڕ و بەهای بۆ بازاڕبردن هەبێت. واتا دابینکردنی پێداویسـتییە ژیانییەکان لەپێناوی گەشـەدان بە کولتوور و هونەر و ئەدەبی پێشـکەوتووخواز. بەو مـانـایە، وەک (مـارکس) لە «ئایدیۆلۆژیای ئەڵمانی»یدا ئاماژەی پێ کردووە کاتێک مرۆڤ شـتێکی نەبێت بیخوات، شوێنێکی نەبێت تێیدا ئارام بگرێت و بحەسێتەوە، ئاسایشی داهاتووی مسۆگەر نەبێت، چۆن دەتوانێت فیکر، هونەر و ئایدیۆلۆژیا بەرهەم بهێنێت؟ هەر بۆیە دەبینین لەگەڵ داکشـاندنەوە و کورتکردنەوەی کار لە ئەمڕۆدا بۆ نێو ژمارەی چەندایەتی و لەچۆنایەتیخستن، زۆرترین بیرە دواکەوتوو، کۆنەپارێز و ڕاستڕەوەکان گەڕاونەتەوە سـەر سـەکۆی سیاسی، وە هەڕەشـە لە هەموو ئەو دەستکەوتانە دەکەن کە بە درێژاییی دووسـەد ساڵی ڕابردوو لە ڕێگەی خەباتی بەردەوامی بزووتنەوەی کارەوە بەدیهاتوون. لەو سـەردەمەی کە بزووتنەوەی کار بەهێز بوو وە لە لوتکەی ڕادیکاڵیزمی خۆیدا بوو، وردە وردە دەبینرا کە جیاکاری نێوان کاری فیزیکی و کاری فیکری لەکەمبوونەوەدایە، تەنانەت وای

لێهاتبوو بە شێوەیەکی ماتەوزەی ناوەکی (پۆتێنشیاڵ) هەر کارکەرێک بتوانێت کاتی بەتاڵی بۆ بوارەکانی هونەر و ئەدەبیات و کولتوور تەرخان بکات و کار وەک چالاکییەکی ژیانی خۆی ببینێت. لێرەدا نەک بەو مانایە هونەر و کولتوور کار نەبن، بەڵکوو ژیانی کرێکار لە پرۆسەی کاردا تەنها بۆ دابینکردنی بژێوی و دوورکەوتنەوە لە کولتوور و هونەر بەهەدەر نەچێت، یاخود بە مانایەکی دیکە، ئەو کرێکارەش کە پیشەی کارەکەی، بۆ نموونە، بەرهەمهێنانی کەرەستەی خۆراکییە، دەرفەتی ئەوەشی هەبێت بەشداری لە بواری کولتوور و هونەردا بکات. ئەگەر نموونەیەکی سێرگی تریتیاکۆڤی هونەرمەند و فۆتۆگرافەری سۆڤێتی بهێنینەوە، ئەو ڕۆژنامەیەکی دامەزراندبوو، کرێکارانی هان دەدا کە لە کات و دوای کاتی کارکردن وێنەی فۆتۆگرافی بگرن و لە ڕۆژنامەکاندا بۆی بڵاو دەکردنەوە. لەبەرئەمەش تریتیاکۆڤلای بیرمەندانی سەرەکیی بواری فۆتۆگرافی، وەک والتەر بنیامین، زیگفرید کراکاوەر، لازلۆ مۆهۆلی-ناج و هتد دەبێتە بناغەدانەری فۆتۆگرافیی نوێ[١٠]. چونکە مرۆڤایەتی خەریک بوو ببێتە شایەتحاڵی نەمانی جیاوازی و درزەکانی کاری دەستی و کاری زەینی، واتا هەر کارکەرێک پۆتێنشیەڵی هونەرمەند و ئەدیبی هەبوو. مۆدێلی کار لەناو سەرمایەداریدا، کاری دەستی و کاری زەینی هێندە لەیەک دوورخستووەتەوە، ئەوەی کار دەکات ئاگای لە کولتوور و هونەر نەبێت و ئەوەشی خەریکی بواری کولتوورە لەڕووی سیاسییەوە هیچ سۆلیداریتی و هاوپشتییەکی لەگەڵ کرێکاردا نەبێت. ئەگەر ئەرشیڤی فۆتۆگرافیی ئەو پرۆژەیە ببینینکە ئەمڕۆ بەشێکیان بوونەتە بناغەیەکی گەورە بۆ هونەری فۆتۆگرافی، بەبێ وردبوونەوە لە سیاقی مێژوویی، وا بیر دەکەینەوە ئەو فۆتۆیانە لەلایەن فۆتۆگرافەرانی پیشەییەوە گیراون(پرۆفیشناڵ)، لە کاتێکدا زۆربەی زۆریان لەلایەن کرێکارانی

ئاسـايی دوای گەڕانەوەیان لە کار ئەنجامدراون، زۆربەی کاتیش ڕۆژنامەکەی تریتیاکۆڤ کامێراکانی بۆ دابین کردوون.

ئێمە ئەمڕۆ لە سەردەمێکدا دەژین کار بە تەواوی ئەم مانایانەی لەدەست داوە، هەم ڕێژەی هونەرمەندان و داهێنەران و ئەدیبان لە کەمبوونەوەدایە و هەمیش هێزی کاری ڕووت لە هەڵکشـاندایە. لە هەمان کاتدا نوخبەیەک ڕۆژ بە ڕۆژ کۆنترۆڵی مۆزەخانەکان، گەلەرییەکان، هونەرە جوانەکان و هتد دەکات، لە بەرانبەردا ڕێگە بۆ جۆرێک لە ئەستێرەکانی وەک هۆلیوود خۆش دەکات کە ببنە خزمەتکاری ئایدیۆلۆژیی ئەم نەزمە نوێیەی نیۆلیبرالیزم. لەم سەردەمەدا کۆمەڵگە سەرمایەدارییەکان بەتەواوی پێگە کارییەکانیان نادڵنیا و بێ ئاساییش کردووە، مرۆڤ بۆ ئەوەی بمێنێتەوە و درێژە بە بژێوییەکانی بدات، ناچارە چەندین جۆری کار هەڵبژێرێت و هەموو ووزەی خۆی تێدا بەگەڕ بخات. ئەمەش نەک تەنها لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان دووری دەخاتەوە، بەڵکوو کۆی توانا ناوەکییەکانی بۆ داهێنانی ئەدەبی، هونەری و کولتووری لەدەست دەدات و دەبێتە ئامێرێکی ڕووتی کارکردن کە هەموو ڕۆژێک ڕاکەڕاکییەتی بەدووی سەبەینێیەکدا لە برسان نەمرێت. لە سەدەی نۆزدەدا (مارکس) بانگەشەی بۆ ئەوە دەکرد کە دەبێت ڕۆژ و کاتی کار کەم بکرێتەوە وە کاتە بەتاڵەکان لەپێناوی پەروەردەی هزری و هونەری و کولتووریدا هەڵبکشێنرێن، تا کۆمەڵگەیەکی مۆدێرنی پێشکەوتووخواز لەدایک ببێت. ئەمڕۆ نیۆلیبراڵیزم ڕۆژ بەڕۆژ ئەم دەستکەوتانە لەناو دەبات و کۆمەڵگە جۆراوجۆرەکانی بردووەتەوە ناو دڵی دواکەوتووییەوە، بێ هۆ نییە ئەمڕۆ بیرمەندانێکی زۆر باس لە گەڕانەوەی سەردەمە تاریکەکانی سەدەکانی ناوەڕاست دەکەن، کە تێیدا مرۆڤ دەبێتەوە بە پاشکۆی زەوی. هەرچەندە وەک

بەشێک لە کۆمەڵناسان باسی دەکەن ئەمڕۆ مرۆڤ بە پاشکۆبوونی بۆ دیجیتاڵ، لە کار وەک چالاکییەکی ڕاستەقینەی ژیان دوور کەوتۆتەوە.

ئەوانەی تا ئێرە باسمان کردن دەکرێت وەک بنچینەیەک وەربگیرێن تا لە مەبەستی کار تێبگەین، بەو ئامانجەی کە سەرەڕای ڕەهەندە نامۆکەرەکانی، لە ڕوانگەی دیالەکتیکییەوە، کار لەناو سیستەمی سەرمایەداریدا ببینین، چونکە کار ڕەهەندی ڕزگاریخوازانەی هەبووە و وشیاریی مرۆڤی هەڵکشاندووە.

لێرەدا پێویستە بچینە ناو بابەتێکی گرنگەوە و ئاماژە بەوە بکەین کە لە ڕابردوودا کار گرنگییەکی زۆری هەبووە بۆ ڕزگاربوونی ژنان. سەرمایەداریی سیستەمێکی دژبەر و ناکۆکە، ئەگەر دیالەکتیکی لێی بڕوانین، دەبینین بەبێ ئەوەی خۆی ویستبێتی دەرفەتی خوڵقاندووە کە کۆمەڵگەیەکی نوێی جەماوەری سەر هەڵبدات و ژنان تێیدا ڕۆڵێکی بنچینەییيان گێڕاوە بەتایبەتی لە گۆڕینی کۆمەڵگەی نەریتیدا. لەبەر ئەوە مارکس ستایشی ناکۆکییەکانی سەرمایەداری دەکرد، چونکە ئەو بیرمەندێکی وشیاری ناکۆکییەکان و، دیالەکتیکزانێک بوو، هەر بۆیە نزیکبووەوە لە زاڵبوون بەسەر ناکۆکییەکاندا، یاخود لانی کەم دەستی کردبوو بە بیرکردنەوە لێیان بە شێوەیەکی سیستەماتیک. لەوەش زیاتر، لای مارکس، ناکۆکییەکان وەک بکەری بنچینەییی گۆڕانکاری ستایش دەکران، کە بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕی بەرەو پێشەوە دەبەن. ئەم ڕوانینە یەکگرتووە دەربارەی پەیوەندیی بەناویەکداچووی نێوان ناکۆکی، جووڵە و گۆڕان لە دیالەکتیکی هێگلی وەرگیرابوو، بۆیە باش دەبێت ئەگەر جەختکردنەوەکەی هێگل لەسەر ئەم خاڵە بهێنینەوە:

«شتێک دەجووڵێت، نەک لەبەر ئەوەی لە ساتێکدا ئەو شتە لێرەیە و لە ساتێکت دیکەدا لەوێیە، بەڵکوو لەبەر ئەوەی لەم ساتە و لە هەمان ساتدا لێرەیە و لێرە نییە، واتە لەم 'لێرە'بوونەدا، بە جارێک هەیە و نییە. دیالەکتیکزانە کۆنەکان دەبێت ڕێگەیان بە ناکۆکییەکان دابێت کاتێک لە جووڵەدا ئاماژەیان پێ کردووە؛ بەڵام ئەمە بەدووی ئەوە ناکەوێت کە بۆیە جووڵە بوونی نییە، بەپێچەوانەوە، ئەو جووڵەیە، خودی ناکۆکیی بوونە»[١١].

لە کاتێکدا ئەمڕۆ هەمووان دان بەوەدا دەنێن و لەسەر ئەوە کۆکن کە مارکس «ڕادیکاڵترین شۆڕشگێڕی دژە-سەرمایەدارییە»، لە بەرانبەردا (جۆن ستوارت میل و ئەلێکسی دو توکڤیل) وەک دوو سەرسەختترین لایەنگرانی سەرمایەداری و لیبراڵیزم دەبینن. کەچی ئەگەر ورد ببینەوە، دەبینین (مارکس) لە زۆر شوێندا دیالەکتیکییانە ستایشی سەرمایەداری کردووە بەوەی، کە ڕێگەی خۆش کردووە جەماوەرێکی بەرفراوان لە ماڵەکانیان بێنە دەرەوە. خەڵک بەهۆی هەڵکشان و زۆربوونی مۆدێلی بەرهەمهێنانی سەرمایەدارییەوە، دەتوانن بەشداری لە کاڵا بەرهەمهێنراوەکانی کۆمەڵگادا بکەن، ئەگەر بە شێوەیەکی فراوانیش نەبێت، لەم ڕووەوە جەماوەران و کارکەران بەشداری لە ڕادیکاڵیزەکردنی مۆدێرنیتەی نوێدا دەکەن. کتومت لەو شوێنانەدا (جۆن ستوارت میل)، ڕادیکاڵترین بیرمەندی سەرمایەداری، دژی سیستەمەکە دەوەستێتەوە، میل کە هاوکات بە لایەنگری بزووتنەوەی ژنانیش ناسراوە، کەچی ترسی خۆی لە زیاتر بەرەوپێشچوونی ئەم سیستەمە ناشارێتەوە. سستەمێک کە ڕەنگە ڕۆژێک ژنان دەسەلات بگرنە دەست، چونکە دەسەڵاتی جەماوەر لەناو بزووتنەوە ڕاسترەوەکانی سەدەی بیستدا، وەک کۆمەڵگەی ژنان دەبینران و سوێندیان خواردبوو دەسەڵاتی پیاو بگەڕێننەوە، هەر بۆیە لەوانەیە

ڕۆژێک ئەم جەماوەرە «ژنانەیە» دەسەڵاتی کاروبارەکان بگرێتە دەست. (میل) خەم بۆ کۆمەڵگەی پێش سەرهەڵدانی سەرمایەداری دەخوات کە تێیدا تاکی خاوەن ئیمتیاز، هەڵبەت ئەریستۆکرات و فیۆدالی باوکسالار، دەسەڵاتی ڕەهای هەبوو:

«ئاراستەی گشتیی شتەکان لە سەرتاپای جیهاندا دەیەوێت پرەنسیپی ئاسایی و بەتاڵ بکاتە دەسەڵاتی بەهێز و ڕوو لەهەڵکشان لەناو مرۆڤایەتیدا. لە مێژووی کۆن، لە سەدەکانی ناوەڕاست و لە ئاستێکی ڕوو لەنەماندا بە درێژاییی تێپەڕین لە فیودالییەوە بۆ ئەمڕۆ، تاک دەسەڵاتێک بوو لە خۆیدا ...[١٢]. لە ئێستادا تاکەکان لە قەرەباڵغییدا ون دەبن. لە سیاسەتدا تەنها دەسەڵاتێک کە شایستەی ناو بێت، بریتییە لە [دەسەڵاتی] جەماوەر و [دەسەڵاتی] حکوومەتەکان لە کاتێکدا خۆیان دەکەنە ئۆرگانی ئاراستەکان و غەریزەکانی جەماوەرەکان»[١٣].

جۆن ستوارت میل مۆدێرنیتە وەک داهێزران و داخورانی پێشکەوتووانەی ڕۆحی تاکایەتی لەقەڵەم دەدات و ئایدیالەکەی ئەو بۆ تاکگەراییش، لە ڕابردوو دایە. گێڕانەوەکەی ئەو، هەڵگێڕانەوەیەکی مێژووی باوی «ویگ»(Whig)ە [ویگ گروپ و دەستە و حزبی سیاسیی سەدەی هەژدە و نۆزدەی بریتانیا بوو کە لیبرالیزم لێیەوە سەرچاوەی گرت]: تاکگەرایی، کە باوەڕ و بنچینەی لیبراڵی بەهێز دەکرد، لە لوتکەی خۆیدا، لە مێژووی کۆن و سەدەکانی ناوەڕاستدا بوو. لەو کاتە بەدواوە، تا «ساتی ئێستا»، تاکگەرایی بریتییە لە ساتی حیکایەتێکی غەمگینی لەدەسەڵاتکەوتن، سنووردداربوون و تەنگەبەربوونی دەستپێشخەریی تاکەکەسی، لە بەرامبەردا سەرهەڵدانی دەستەجەمعییەت (کۆلەکتیڤیزم). میل هۆشداری دەدات لەدژی کۆلەکتیڤیزمی ئیفلیجکەر و ڕوانگەی کزی و سستی و لاوازیی جۆرە-چینییەک، کە سەرتاپای بریتانیا دەتەنێتەوە؛ تەنها دووبارە

دەرکەوتنەوەی بلیمەتی، هەڵکشـــــان و بەرزبوونەوەی ئەو تـاکـانەی ڕۆژێـک بریتانیایان مەزن کردبوو لەوانەیە بتوانن «بەر بە دارِمان و داوەشـــانەکەی بگرن»[١٤].

ســـەرمایەداری لەســـەر بنەمای بەرهەمهێنانی فراوان دامەزرابوو، ئەگەرچی بۆ (مـارکس)، بەرهەمهێنـانی فراوان، بێزارکەر بوو، بەڵام لەڕووی مـاتەوزە و پۆتێنشیاڵەوە ڕزگارکەر بوو: هاندەر بوو لە بەکۆمەڵایەتییکردنی کار بە ئاستێک هەرگیز پێشـــتر نەبینرابوو، تا ئەو خاڵ و ئاســـتەی چیتر تاکی دابڕاو تەنها کۆمەڵگا دروســـت ناکات، بەڵکوو کۆمەڵگا دەبێتە تاک. لەم ڕوانگەیەشـــەوە، سەرمایەداری تۆوی دژی مەبەستەکانی خۆی دەچێنێت – تۆوەکانی داهاتوو[١٥]. بە شـێوەیەکی پارادۆکس، (مارکس)، سـەرسـەختترین و ڕادیکاڵترین ڕەخنەگری سـەرمایەداری، بەرانبەر بە داهاتووی «سـەرمایەداری» زۆر ***گەشبینتر*** بوو لە زۆربەی نەیارە بۆرژوازییە پرۆ-سەرمایەدارییەکانی خۆی. نەک بەتەنها بەهۆی ئیمـانی خۆی بە شـــۆڕشـــی پرۆلیتـاری نزیـک، کە کۆمەڵگـای بۆرژوازی و دامەزراوەکانی لەناو دەبات، بەڵکوو لەو ڕوانگەیەشـەوە دەیبینی ئەو جووڵەیەی سەرمایەداری و بۆرژوازی بەبێ ویستی خۆیان بەگەڕیان خستووە، دەرفەتێکی گرنگ دەداتە دەسـتی ئەوانەی هەر ئەو سـیسـتەمە دەیەوێت بیانچەوسـێنێتەوە. زۆر گرنگە ئـاگـامـان لە هێنـانەوەی تەواوەتیی ئەو ڕاســـتییە هەبێت کە لای (مارکس) هێزی بنچینەییی شـــۆڕشـــگێڕ لە کۆمەڵگای بۆرژوازیدا و لە زۆر ڕووەوە لە دژی ئەو کۆمەڵگایە بریتییە لە «ناکۆکیی زیندوو»، واتا ســـەرمایە خۆی[١٦]. ئەم ڕوانگـانە دواتر دەچنە نێو ئەرگومێنتە زیـاتر پێگەشـــتووەکەی (مـارکس)ەوە، کە لە (کتێبی ســـەرمـایە)دا بـاســـیـان دەکـات. من دوو نموونە دەهێنمەوە:

«پیشـــەســـازیی مۆدێرن هەرگیز فۆرمی هەنوکەیی پرۆســـەیەکی بەرهەمهێنان وەک فۆرمێکی کۆتایی و براوە نابینێت و ئاوا مامەڵەی لەگەڵدا ناکات. لەبەرئەوە بناغە تەکنیکییەکەی شـــۆڕشـــگێڕانەیە، لە کاتێکدا هەموو مۆدێلەکانی پێشـــووی بەرهەمهێنان لە جەوهەردا کۆنزەرڤاتیڤ بوون [...] پیشـــــەســـــازیی گەورە و فراوان، بەهۆی خودی کارەساتەکانییەوە، وادەکات ناسینەوەی جیاوازیی کار و لەمڕووەوە توانایی کرێکار بۆ ژمارەی لایەنی زۆری جۆرە جیاوازەکانی کار ببرێتە نێو پرســـــیاری مەرگ و ژیانەوە [...] دڕندەیی و فڕێدانی دانیشـــــتووانی چینی کرێکار و هێشتنەوەیان بە بەدبەختی، [...] دەبێت لەلایەن مرۆڤێکی تاکەوە شـــــوێنی بگیرێتەوە کە بە موتڵەقی ئامادەیە بۆ جۆرە جیاوازەکانی کار کە پێویســـتیان پێیەتی؛ تاکی نیمچە گەشـــەســـەندوو،کە تەنها هەڵگری وەزیفەیەکی کۆمەڵایەتیی تایبەتمەندکراوە، دەبێت لەلایەن تاکێکی بەتەواوەتیی گەشەسەندووەوە، شوێنی بیرێتەوە»[١٧].

بە کورتی، کۆمەڵگەی مۆدێرن و مۆدێرنیتە کە بەمانای کۆمەڵگەی جەماوەری دەهاتن، تێیدا کۆی ئەو بکەرە مرۆییانەی بە درێژایی مێژوو ژێرپێ خرابوون، بێ ناو مابوونەوە وە سەرکوتکرابوون، لە کاتێکدا ئەمڕۆ وەک بکەرێکی وشیار لەســەر ســەکۆی شــانۆکە دەرکەوتون، کە ئەوانیش کرێکارانی مۆدێرن: ژنان و پیاوان بوون. هەرلەبەر ئەوە بوو سەدەی بیست، سەرەتای سەرهەڵدانی بیری ڕاســـترەوی و فـاشـــیزم، بەڵێنی ئەوەی دەدا دەســـەڵاتی کۆنی پیـاوانی ئەریســـتۆکرات دژی بەژنانەییکردنی کۆمەڵگەی نوێ، بگەڕێننەوە. بۆ نموونە دامەزرێنەری فاشـــیزمی ئیتاڵیی (بینیتۆ موســـۆلینی) نەیدەشـــاردەوە، کە دیموکراسی و کۆمەڵگەی جەماوەری و مارکسیزم وەک ژنانەییکردنی کۆمەڵگە

دەبینێت و فاشیزمیش وەک گەڕاندنەوەی ئیرادەی پیاو. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا نابێت بیرمان بچێت، لە مێژوودا هیچ کەس هێندەی مارکس دژی کاریگەرییە کوشندەکانی سەرمایە و سەرمایەداری لەسەر کرێکاران (پیاوان و ژنانی کرێکاری تازە دەرکەوتوو)، جووتیاران و منداڵان نەینووسیوە و خەباتی لە دژ نەکردووە. ئەوەی لەم بڕگەیەدا ویستمان باسی بکەین، لە پەیوەندیدا بە سەرهەڵدانی چەمکی کارەوە، تێگەیشتنی دیالەکتیکیی مارکس بوو بۆ کۆی مێژووی سەرهەڵدانی سەرمایەداری.

## دۆڕانی مێژوویی ژنان و دابەشکردنی کاری کۆمەڵایەتی

چۆن و بۆ ژنان لە مێژوودا دۆڕان؟ چەندین ئەنترۆپۆلۆژیستی بەناوبانگ لەم پرسەیان کۆڵیوەتەوە، دیارترینیان (لویس هێنری مۆرگان) و پاشان ئەنترۆپۆلۆیستەکانی سەدەی بیست، لەوانە (گۆردن چایەلد). هەروەها لە کتێبی «بنەڕەتی خێزان، خاوەنداریتیی تایبەت و دەوڵەت» (١٨٨٤) (فریدریش ئەنگڵس)لە پەیوەندیدا بە پرسی گۆڕانی کارەوە زۆر بەوردی و بە دوور و درێژی لێکۆڵینەوە لەم پرسە دەکات، بەڵام هەروەها بە فراوانیش پشت بە (هێنری مۆرگان)ی ئەنترۆپۆلۆژیست دەبەستێت. ئەم کتێبە، یەکەم بناغەدانانی شیکارییەکی بەرفراوانی ماتریالیستی بۆ چەوساندنەوە، سەرکوت و دۆڕانی ژنان لە مێژوودا بەدەستەوە دەدات. (ئەنگڵس) دەڵێت سەرکوت و دۆڕانی ژنان دیاردەیەکی «سروشتی» یان حەتمی نەبووە، بەڵکوو پەیوەندی بە گەشەسەندنی کۆمەڵگەی چینایەتییەوە هەبووە. خێزان (و لێرەدا پەیوەندییەکانی

نێوان سێکس و ڕەگەزەکان) دامەزراوەیەکی سروشتی و نەگۆڕ نییە. فۆرمەکانی خێزان لە مێژوودا گۆڕانکاریی گەورەیان بەسەردا هاتووە تا گەیشتوون بەم فۆرمەی ئەمڕۆ. کەواتە ئەو بانگەشەیەی خێزان وەک موقەدەسترین و نەگۆڕترین دامەزراوەی ناو مێژووی مرۆیی دەبینێت، ڕیشەی لە چەوساندنەوە و بەپاشکۆکردنی ژندا هەیە بۆ پیاو. بۆ ئەم مەبەستەش ئێمە هەمیشە دەبێت سەیری پەیوەندی نێوان فۆرمەکانی خێزان و شێوازەکانی بەرهەمهێنان لەنێو کۆمەڵگە چینایەتییە جۆراوجۆرەکاندا بکەین: گۆڕانکاری و وەرچەرخانەکانی ناو بەرهەمهێنان دەبێتە هۆی گۆڕانکاری لە فۆرمی خێزاندا. ئەگەر کۆمۆنەی سەرەتایی لەسەر بنەمای ڕاو و کۆکردنەوە ژیابێت، فۆرمی خێزانی ئەو کۆمۆنەیە جیاوازییەکی گەورەی لەگەڵ فۆرمی خێزانی سەردەمی کۆیلایەتی هەبووە، وە کۆیلایەتی لەگەڵ فیودالیزم و فیودالیزم لەگەڵ سەرمایەداریدا.

(ئەنگڵس) بنەچە و بنەڕەتی خێزانی چەوسێنەر و سەرکوتکەر دەگەڕێنێتەوە سەر ڕیشە و دەستپێکەکانی خاوەندارێتیی تایبەت و دابەشکردنی کۆمەڵگە بۆ نێو چینەکان. لە کۆمەڵگە پێش-چینایەتییەکاندا، دابەشبوونێکی سێکسوالییانەی کار هەبووە، بەڵام هیچ ئەنترۆپۆلۆژیستێک ئەوەی تۆمار نەکردووە، کە ئەم دابەشبوونە بووبێتە هۆی سەرهەڵدانی چەوساندنەوە و سەرکوتی سیستەماتیکی ژنان. غیاب و نائامادەیی زیادەی بەرهەمهێنان و پێداویستیی بەرهەمهێنان بۆ مانەوە، بەگشتی جۆرێک یەکسانیخوازیی سەرەتایی بەسەر ئەم کۆمەڵگەیانەدا سەپاندبوو، کە لە مێژوودا «کۆمۆنیزمی یەکەم» یان «کۆمۆنیزمی سەرەتایی» (*primitive communism*) ناو دەبرێت. بەڵام، هەرکە خاوەندارێتی و میراتی خاوەندارێتی بووە بابەتی ئەو کۆمەڵگەیانە، مافی

پێشـــووی دایک واتا ســــەردەمی هەڵگرتنەوەی نەوە لە ڕێگەی دایکەوە نەک باوکەوە دەبوو لەناو بچێت و هەڵبوەشـێتەوە. لەو سـەردەمەدا پێچەوانەی مافی باوک بۆ هەڵگرتنەوە و دیاریکردنی ڕەچەڵەکی نەوە، دایک ئەو دەســـەڵاتەی هەبوو. ئەنگڵس بەم لەناوچوونە دەڵێت «شـکسـتی مێژوویی جیهانیی ڕەگەزی مـــێ» ( *die weltgeschichtliche Niederlage des weiblichen Geschlechts*)، هەر کە «پیاو دەسـەڵاتی لەماڵیشـەوە بەدەسـتەوە گرت؛ ژن دابەزێنرایە ســەر ئاســتی خزمەتکار؛ بوو بە کۆیلەی حەز و هەوەســی پیاو و بووە ئامرازێکی ڕووت بۆ بەرهەمهێنانی منداڵ بۆ پیاو»[١٨].

لەگەڵ سەرهەڵدانی خێزاندا، گۆڕانکاری بەسەر سروشتی کارکردنی ماڵەوەشدا هات. کاری ماڵەوە چیتر کارکردن و جووڵەیەکی کۆمەڵایەتیی هاوبەش نەبوو، بەڵکوو ژن بووە خزمەتکارییەکی تـایبەت وەک کۆیلەیەک لە مـاڵەوە، کە لە هەرێمی بەرهەمهێنـانی کۆمەڵایەتی وەدەرنرا. هەروەهـا لەڕووی ئـابوورییەوە بووە پاشکۆ و وابەستەی پیاو و ناچار کرا بە تاکهاوسەری. (ئەنگڵس) بەردەوام دەبێـت و دەڵێـت لەنـاوەوەی خێزانـدا، پیـاو نوێنەرایەتیی بۆرژوازی و ژن نوێنەرایەتیی پرۆلیتاریای دەکرد، کە ئەمە دارشـــتنێکی نەخوازراو و غەمگینە، لەبەرئەوەی وایـدەکرد کە ئیتر پیـاو ڕۆڵی دوژمن وەربگرێـت. بەڵام خـاڵی ســەرەکیی کە (ئەنگڵس) دەیویســت بیخاتەڕوو ئەوە بوو بڵێت «یەکەم مەرجی پێویســـت بۆ ڕزگاریی ژنی هاوســـەردار، ئەوەیە ســـەرجەمی ڕەگەزی مێ بگەڕێنێتەوە ناو هەرێمی گشـتی و پیشـەسـازیی گشـتی و ... ئەمەش خۆبەخۆ ئەوە دەخوازێت خەسـڵەتی خێزانی تاکهاوســەر وەک یەکەیەکی ئابوورییانەی کۆمەڵگا، لەبنەوە هەڵبکێشرێت و هەڵبووەشێنرێتەوە»[١٩].

پاشان باس لەوە دەکات، کە شۆڕشی کۆمەڵایەتیی داهاتوو بناغە ئابوورییەکانی ئەم فۆرمەی خێزان و تاکهاوسەری و تەواوکارەکانی، واتا سۆزانیگەری وێران دەکات. تەنها ئەوەی کە تاکە خێزانێک چیتر یەکێتیی ئابووریی کۆمەڵگە نەبێت (هەم بنەڕەتی دابینکردنی بژێوی لەســـەر بنەمای یاســـای خێزان، پیاو وەک بەرپرســـی دابینکردنی ئابووری و هەم خێزان وەک یەکەیەکی کۆمەڵایەتی بۆ دابینکردنی ئابووری کە دیســـان پیاو دەکاتەوە بە ڕەمزی باڵادەســـتی و کاری ژن لە مـــاڵەوە دەکـــاتە دەرەوەی یەکەی ئـــابووریی ئـــازادەوە و دەیخـــاتە چوارچێوەی ناچارییەوە)، ئەوا کاری ماڵەوە و چاودێریی منداڵ بە کۆمەڵایەتی و سۆسیالیزە دەکرێت، وە ئەمەش خۆبەخۆ دەبێتە بناغەی ڕزگاریی سێکسوالیی ژنان. دەبێت ئەوەش بڵێین کە ئەنگلس تەواو بێ بەری نەبوو لە پێشـبڕیارەکانی ڕۆژگارەکەی خۆی و لەبەر ئەوە نەیتوانیی پێشبینیی کاریگەریی کاری هەرزان، کۆنترۆڵی منداڵبوون و لەباربردن بکات. واتە کەمتر پێشـــبینیی گەشـــەســـەندنی تەکنیکەکانی وەک منداڵبوونی بلووری بکات کە ڕوانگە و ئاسۆی جیابوونەوەی تەواوەتیی سێکس و بەرهەمهێنانەوە/نەوەخستنەوە دەکاتەوە. بیرمان نەچێت کە (ئەنگلس) لە ســـەدەی نۆزدەدا دەینووســـی کە پێشـــکەوتووترین وڵاتە پیشـــەســـازییەکان هێشـــتا ڕێگەیان بە خوێندنی ژنانیش نەدەدا چ بگات بەوەی خاوەن مافی دەنگدانی گشـــتی بن، لەبەر ئەوەی هەموو ئەمانە زۆر درەنگتر ســـەریان هەڵدا. هەروەها پێی وابوو ســـۆســـیالیزم دەبێتە هۆی گەشـــەســـەندنی «فۆرمێکی باڵاتر»ی هاوســـەرگیری. بەڵام ئاماژەی بەوەش دەکرد کە ئەمە بێگومان نابێت لەپێشەوە دیاری بکرێت یان لەپێشەوە بڕیاری لێ بدرێت:

«ئەوەی دەتوانین ئێستا مەزەندەی ئەو شێواز و ڕێگەیە بکەین تێیدا پەیوەندییە ســـێکســـوالییەکان دوای کەوتنی بەرهەمهێنانی ســـەرمایەداری ڕێک دەخرێن،

بەگشتی بریتییە لە خەسڵەتێکی نێگەتیڤ، بەگشتی سنووردارە بەرانبەر بەو شتەی نامێنێت و ون دەبێت. بەڵام ئایا پەیوەندییەکی نوێ دروست دەبێت؟ ئەمە ئەو کاتە وەڵام وەردەگرێتەوە کە نەوەیەکی نوێ چرۆی کردبێت: نەوەیەکی نوێی ئەو پیاوانەی هەرگیز باوەڕ بە کڕینی خۆبەدەستەوەدانی ژن بەرانبەر بە پارە یان هیچ ئامرازێکی دیکەی کۆمەڵایەتی دەسەڵات و هەیمەنە ناناسن؛ نەوەیەکی ژنان بە هیچ شێوەیەک دان بەخۆبەدەستەوەدانیان بۆ پیاوان نانێن و بیر لە هیچ جۆرە پەیوەندییەکی دیکە ناکەنەوە پەیوەندیی خۆشەویستیی ڕاستەقینە نەبێت یان ئەو ژنانەی تەواو ڕەتی دەکەنەوە بەهۆی ترسی دەرەنجامە ئابوورییەکانەوە خۆیان ڕادەستی خۆشەویستەکانیان بکەن»[٢٠].

سەرەڕای هەندێک لە کەموکوڕییەکانی، کتێبەکەی ئەنگڵستا ئەمڕۆش وەک بناغەیەکی سەرەکی ماوەتەوە بۆ تێگەیشتن لە سەرەتاکانی سەرهەڵدانی بەپاشکۆبوونی ژنان و چەوساندنەوەیان. لە دوای سەدەی نۆزدەوە، هەڵبەت گەشەی تیۆری ئەنترۆپۆلۆژیی زیاتر بووە و زۆر زانیاریی بەسوودتر کەوتوونەتە بەردەستی مرۆڤایەتی وردتر بچنە ناو بنج و بناوانی کێشەکان و ڕووداوەکانەوە. بەگوێرەی لێکۆڵینەوە ئەنترۆپۆلۆژییەکان، ***جۆری مرۆڤ*** (*genus homo*) نزیکەی سێ ملیۆن ساڵ پێش ئێستا دەرکەوتووە، بەڵام جۆری ئێمە، کە بە ***مرۆڤی هۆشمەند*** (*homo sapiens*) ناسراوە، سێ سەد هەزار ساڵ پێش ئێستا پەیدابووە. هەڵبەت ئەنگڵس دەڵێت یەکەم دابەشبوونی کاری سێکسوالی لەگەڵ کۆتاییی کۆمۆنەی سەرەتاییدا دەرکەوتووە، بەڵام هەندێک لە لێکۆڵینەوە ئارکولۆژییەکان شوێنەوارەکانی ئەم دابەشبوونە دەبەنەوە سەر قۆناغی بەردینی دوایین (٤٠ هەزار ساڵ پێش ئێستا). هەڵبەت خۆبەخۆ ئەمە بە مانای پەیوەندییە نایەکسانەکانی نێوان سێکس و ڕەگەزەکان

نەدەهات وەک لەو کۆمەڵگانەدا بوو بە باو کە پشـــتیان بە نەریتی ڕاوکردن-کۆکردنەوە دەبەســـت، کە تێیدا پیاوان دەبنە ڕاوچیی و ژنان دەبنە کۆکەرەوە. لەو ســـەروبەنـدەدا، وردە وردە پیـاو لەڕووی فیزیکییەوە خۆی بە بەهێزتر دەزانێت چونکە توانای ڕاوکردنی هەیە و ژن بە لاوازتر دەبینێت چونکە لەسـەر کێڵگەکاندا بەروبووم کۆ دەکاتەوە کە مەترسی لە پشتەوە نییە. واتە پیاو ڕیسک دەکات و ژن توانای ڕیســککردنی نییە. ئەمە ڕووداوێکی مێژووییە، کە ئەنگڵس بە شــکســتی مێژوویی ژنان ناوی دەبات نەک ڕووداوێکی ســروشــتی کە ئەفسـانەکان، ئایینەکان، فەلسـەفە فیودالی و بیرە کۆنەپارێزەکان وەک «یاسـای ســروشــت» دەیبینن. ڕووداوە مێژووییەکان هەمیشــە لەگۆڕاندان، شــکســتی مێژوویی ژنان دەکرێت هێمایەک بێت سـبەی ببێتەوە سـەرکەوتن و بردنەوەی مێژوویی، نەک لێکدانەوەی سروشتناسی و جیۆلۆجی و ئیلاهیناسانە بۆ ئەوەی «هەروا بووە و هەروا دەبێت»، شـــتێک لە لێکدانەوەی مێژووییدا بە نـاوی «هەروا بووە و هەروا دەبێت» نییە. یاســـای مێژوویی یاســـایەکی جێگیر و سـەقامگیر و ڕەق و بەردین نییە، وەک یاسـای سـروشـتی، بەڵکوو لە بنەڕەتدا زۆرێک لە بیرمەندە مارکســیســتەکانی کۆتایی ســەدەی نۆزدە و ســەرەتای ســەدەی بیســت تەنانەت خودی چەمکی «یاســای ســروشــتیی»شــیان بردە ژێرپرســـیارەوە و وەک بەرپرس و بە هۆکاری چەوســـاندنەوەی هەزاران ســـاڵەیان لەقەڵەم دا. پرســـی یاســـای ســـروشـــتی نەک تەنها کۆمەکی بە باوکســـالاری/پیاوســـالاری کردووە کە بەدرێژایی چەندین هەزار ســـاڵ وای کردووە کە ژن وەک پاشــکۆ لێ بکات، بەڵکوو بە فراوانی لە ســەدەی بیســتدا دەگەڕێتەوە و نازیزم ئەم یاســایە بۆ پرســی نایەکســانیی نەتەوەکانیش بەکار دەهێنێت. واتا یاسـای سـروشـت ڕەوایەتی بە کۆڵۆنیالیزمی نازی و داگیرکردنی وڵاتان و گەل و نەتەوە بچووکترەکان دەدات.

ئەوەی جێگەی مەبەستی ئێمەیە، ئاوابوون و نەمانی کۆمەڵگەی یەکسانیخواز سەرەتاییە کە وردە وردە شوێنی خۆی بۆ هەرەمییەتی پیاوەتی و پەیوەندییە نایەکسانەکانی نێوان ڕەگەزەکان خۆش دەکات. ئەمەش گۆڕان بەسەر چەمک و کاتیگۆریی خۆشەویستییشدا دەهێنێت، هەروەک ئەلێکساندەر کۆلۆنتای، ژنە بیرمەند و شۆڕشگێڕی مارکسیست، لە کتێبی «ڕێخۆشکردن بۆ ئیرۆسی باڵدار»دا (١٩٢٣) باسی کردووە:

«لە ڕەوتی مێژووی هەزار ساڵەی کۆمەڵگەی مرۆییدا، خۆشەویستی لە غەریزەی سادەی بایۆلۆژییەوە – زەروورەتی بەرهەمهێنانەوە کە لە هەموو بوونەوەراندا لە بەرزترینەوە بۆ نزمترین هەیە – گەشەی کردووەتە نێو ئاڵۆزترین هەست و سۆزەوە کە بە بەردەوامی کۆمەڵە ڕەهەند و لایەنێکی نوێی فیکری و هەستەوەری بەدەست دەهێنێت. [...] لە هەموو قۆناغەکانی گەشەسەندنی مێژوویيدا کۆمەڵگە کۆمەڵێک نۆرم و بەهای دامەزراندبوون پێناسەی ئەوەی دەکرد کەی و چۆن خۆشەویستی 'ڕێگەپێدراوە' (واتا وەڵامی کام بەرژەوەندییەکانی یەکەی کۆمەڵایەتیی هاوبەشی باو دەداتەوە). [...] لە قۆناغی خێڵەکییدا خۆشەویستی وەک خزمایەتیی وابەستەیی دەبینرا (خۆشەویستیی نێوان خوشکان و برایان، خۆشەویستی بۆ دایکان و باوکان). کولتووری کەونارای قۆناغی پێش-مەسیحی خۆشەویستی-هاوڕێیەتی خستە سەرووی هەموو شتێکەوە. جیهانی فیودالی دەستی کردبوو بە ئایدیالیزەکردنی عەشقی شاسوارانەی ئەفلاتوونی نێوان ئەندامانی هەموو ڕەگەزە پێچەوانەکانی دەرەوەی هاوسەرگیری. بۆرژوازیی عەشقی تاکهاوسەریی کردە ئایدیالی خۆی»[٢١].

دابەشـــــکردنی کار و پەیوەندییەکانی خاوەندارێتی بە فراوانیی بەدرێژایی دوو هەزار سـاڵ لە ڕێگەی مۆدێلەکانی بەرهەمهێنانی ئاسـیایی، کەونارا (کۆیلایەتی)، فیودالی و ســــەرمـایەدارییەوە بە ئەمڕۆی ئێمە گەیشـــــتوون. ئەم مۆدێلانەی بەرهەمهێنان هەریەکەیان بە نۆرەی خۆیان یاســا ســێکســوالییەکانی خۆیان بۆ پرسی ئەخلاقییات سەپاندووە، زۆربەی جاریش زۆر دڕندانە (لە ڕێگەی جەستە و پەیکەرەی دەوڵەتییەوە بێت یان ئایینی یاخود کۆمەڵگە خۆی بە فراوانی). ئەم دابەشکارییانەش وەک لایەن و ڕەهەندی فاکتەر و بنچینەی کولتووری ڕیشـەیان لەنێو سـایکۆلۆژیای کۆمەڵایەتیدا داکوتاوە، چ وشـیارانە بێت یاخود ناوشـیارانە. لەبەر ئەوە، ئەو جیـاکـارییەی ئەمڕۆ ئەزموون دەکرێـت، کە پەیوەنـدی بە جیاکاریی سـێکس، سـێکسـوالیتە و جێندەرەوە هەیە، تەنها دڵۆپێکە لە دەریایەک. لە کاتێکدا سـەرمایەداری هەوڵی دا باوکسـالاری نغرۆ بکات و پاشـەکشـەی پێ بکات، واتا ئەو باوکســـالارییەی ڕێکخســـتنی کۆمەڵگە بوو بۆ نێو خێزان لەژێر دەســـەڵاتی باوکدا بە ئامانجی بەدەســتەوەگرتنی دەســەڵاتی خاوەندارێتی، نەک هەر بەتەواوی لەناو نەچوو، بەڵکوو وەک پێشـــــتریش ئاماژەمان پێکرد ئەمڕۆ لەنـاو ســــەرمـایەداریی نیۆلیبراڵـدا تەواو گەڕاوەتەوە. ئەگەر لە کۆتـاییەکـانی سـەدەی نۆزدە و دوای جەنگەکان، سـەرمایەداری بەهۆی سـروشـتی ناکۆک و پارادۆکسی خۆیەوە، پێویستی بە هاندانی ژنان هەبووبێت لە خێزانەکانیان یاخی ببن و بێنە دەرەوە و ببنە خاوەن یەکەی ئابووریی ســــەربەخۆی خۆیان، لەبەر ئەوە بووە کە  کە لە قۆناغەکانی داکشـانەوەی هێزی مرۆیی(بەگشـتیی پیاوان)دا مۆدێلی بەرهەمهێنانی ســــەرمایەداری پێویســـتی بە کاری ژنان هەبووە. بەڵام ئەمڕۆ لەگەڵ ئەوەی ڕۆژ بە ڕۆژ ئەم ســـیســــتەمە هێزی کار بۆ تەنها کاری ڕووت کورت دەکاتەوە، دەبینین نەک تەنها کێشـــەکانی چارەســـەر نەکردوون، بەڵکوو زیاتر بەرەو دواوە پاشەکشەیان پێدەکات. تەنها ئەو کۆمەڵگەیە دەتوانێت

یەکسانیی هەمەلایەنە بەدی بهێنێت، کە بتوانییت خاوەنداریتیی تایبەت و دابەشکردنی کار، وەک ئەمڕۆ دەیناسین، هەڵبوەشێنێتەوە، تەنها ئەو کۆمەڵگەیە دەتوانێت بە تەواوەتی ئەرکەکە تەواو بکات. هەڵبەت ئەوە بەو مانایە نایەت کە دەبێت بەرانبەر بە پرسی چەوساندنەوەی سێکسوالی بێدەنگ بین، بەو جۆرەی لە ئەمڕۆدا هەیە: بێگومان لە مێژووی باڵادەستبوونی کۆمەڵگەی چینایەتیدا، ژنان هەمیشە قوربانیی زیاتر و گەورەتریان داوە.

## کار و گۆڕانی ڕۆڵی ژنان

ئەگەر ڕووخانی یەکێتیی سۆڤێت، جاڕی باڵادەستبوونی سەرمایەداری بێت وەک سیستەمێکی ئەبەدی لەسەر زەوی، کە ئیتر هیچ نەیارێکی لە بەردەمدا نییە، بەڵام بزووتنەوەی کار لە زۆربەی وڵاتاندا هێشتا بەتەواوی نەشکاوە و نەدۆڕاوە واتە هێشتا بزووتنەوەی کار بەتەواوی خۆی ڕادەست نەکردووە، هەرچەندە لە ئەمریکا و بریتانیا پێش کۆتاییی یەکێتیی سۆڤێت مارگاریت تاچەر و ڕۆناڵد ڕەیگاندێنە سەر حوکم، لەو سەروبەندەدا تاچەر بەڕاشکاوی دەڵێت کە ئیتر هیچ ئەڵتەرناتیڤێک نییە و تەنانەت چەمکی کۆمەڵگەش ڕەت دەکاتەوە و دەڵێت شتێک بەو ناوە بوونی نییە، بەڵکوو ئەوەی هەیە بەرژەوەندیی تاکە. هەموو ئەوانەی تا ئێرە گوتمان، دەربارەی بوونی خەباتی بەردەوام بوو لە دژی چەوساندنەوە. ژنان بەشی سەرەکیی ئەم خەباتەیان پێکهێناوە، چونکە ئەگەر ئەوەی پێی دەگوترێت سەردەمی زێڕینی سەرمایەداریی دوای جەنگی ١٩٤٥، بە ڕادەیەک زۆربەی داواکاری و خواستەکانی پیاوی مووچەخۆر و

کرێگرتەی بەدی هێنابێت، ئەوا بێگومان ژنان هێشـــتا خرابوونە دەرەوەی ئەم هەرێمەی خۆشـــبەختییەوە. تەنانەت تا ئەمڕۆش لە زۆرێک لە پێشـــکەوتووترین وڵاتدا، ژنان مووچەی یەکسـان و هاوشـێوەی پیاوان وەرناگرن. واتە لە کاتێکدا ژنان ئەمڕۆ بەشێکی بەردەوام و سەرەکیی هێزی کاری کرێگرتە و بزووتنەوەی نوێ پێک دەهێنن، بەڵام هێشتا کاری ژن بەگشتی کرێی نزمتر و بەهای کەمتری هەیە. ئاراسته و پراکتیکە سێکسیستییەکان لە نێو شوێن و هێزی کاردا دێن و دەچن و زۆرینەی کاری ماڵەوە، بەتایبەت چاودێریی منداڵ دەبێت لەلایەن ژنانی چینی کرێکـارەوە ئەنجـام بـدەرێـت. ئێمە جـارێ بـاســـی کۆمەڵگە ناگەشـەسـەندووەکان، کەمتر گەشـەسـەندووەکان، نیمچە گەشـەسـەندووەکان و لەڕووی کولتوورییەوە نەریتپارێزترەکان ناکەین.

هەرچۆنێک بێت وەک ژولیت میچل لە کتێبەکەی خۆیدا بەناوی «دەروونشیکاری و فێمینیزم»دا ســـاڵی ١٩٧٥، ئاماژەی پێ کردووە: «ئێمە دەســـتوپەنجە لەگەڵ دوو ناوچەی سـەربەخۆدا نەرم دەکەین، مۆدێلی بەرهەمهێنانی سـەرمایەداری و مۆدێلی ئایدیۆلۆژیی باوکســـالاری»[٢٢]، بەو مـانـایە نـاکرێـت کۆی پرســـی سـایکۆلۆژیای سـەرکوتکەر کە لە فاکتەرە کولتوورییە دوور و درێژەکانیشـەوە دێن، کورت بکەینەوە بۆ تەنها پرسێکی ئابووری. بیرمەندانی فێمینیستی دیکەی وەک هایدی هارتمان و فێمینیستی فەرەنسی، کریستینە دێلفی ئاماژەیان بە دوو مۆدێلی بەرهەمهێنان کردووە. هارتمان دەڵێت لە کاتێکدا ســـەرمایەداران کاری کرێکاران لە شـــوێنی کاردا دەچەوســـێننەوە، کۆنترۆڵی پیاوان بەســـەر ژنانی کرێکاردا لە ماڵەوە بناغەی ماتریالیی باوکســـالاری پێک دەهێنا[٢٣]. هەروەها دەڵێت کێشـــەی بەشـــێک لەو فێمینیســـتانەی شـــیکاری بۆ کاری ماڵەوە دەکەن ئەوەیە کە «ئەرگومێنتێکیان دەربارەی پەیوەندیی کاری ماڵەوە بە ســـەرمایە و

شوێن و پێگەی کاریماڵەوە لە کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا هەیە، نەک دەربارەی پەیوەندییەکانی پیاوان و ژنان بەو جۆرەی لە کاری ماڵەوەدا بەرجەستە بوونەتەوە»[٢٤]. لە کاتێکدا هارتمان پرسی دوو مۆدێلی بەرهەمهێنان «سەرمایەداری لە جیهانی کارکردندا، باوکسالاری لە خێزاندا» بەرز دەکاتەوە، بەڵام وەک کلیلێک بۆ تێگەیشتن لە چەوساندنەوەی ژنان جەختکردنەوەکەی دەربارەی کاری ژنانە لە ماڵەوە نەک کاری ژنان لە دەرەوە. بەتایبەت دەڵێت کلیلەکە ئەوە بوو پیاوان «ئەوانەی وەک هاوسەران و باوکان کۆمەڵە خزمەتێکی بە کەسیکراویان لە ماڵەوە پێدەگەیشت»، و ئەمەش واتا «پیاوان لە گۆشەنیگای کاڵای بەکاربردنی سەرگەرمی، کاتی بەتاڵ و خزمەتگوزاریی کەسی، خاوەن ستانداردێکی باڵاتری ژیان بوون باڵاتر لە هی ژنان»[٢٥].

گومانی تێدا نییە کە بۆ ژنان کاری بەردەوام و تەواوەتیی ماڵەوە، کە ساڵانێکی زۆری خۆتەرخانکردن بۆ پەروەردە و چاودێریی منداڵ، هەبوونی پەیوەندیی کۆمەڵایەتیی سنووردار، فشارەکانی بەرپرسبوونی ژنان بۆ گەشە و بەخێوکردنی منداڵەکانیان، بووەتە هۆی سەرهەڵدانی دەیان جۆری هەستی خەمۆکی و بێتوانایی لە گەیشتن بە توانای سەربەخۆیی ئابووری، داهێنانی کولتووری و ئەدەبی و هونەری و، هەروەها بەشداریی فراوانی سیاسی. پاشان ئەمانە بە درێژاییی تێپەڕینی کات، بۆتە دروستبوونی جۆرێک لە سایکۆلۆژیای خۆ-سەرکوتکردن و خۆ-نزمبینی لەناو ژناندا بەراورد بە پیاوان. دەرەنجامێکی گرنگی تەرکیزی بەشێکی زۆری فێمینیستەکان لەسەر کاری ماڵەوە و پەیوەندییەکانی ژنان و پیاوان لە ماڵەوە ئەوە بووە، بەشێکی زۆری تیۆریزەکارانی فێمینیست ئەوەیان ڕەچاو نەکردووە کە ژنان چیتر بەتەنها هاوسەران نین لە ماڵەوە، بەڵکوو ڕۆڵێکی گرنگیشیان لە هێزی کار و شوێنی

کاردا هەیە. کێشـــەیەکی تیۆری فێمینیزمی لیبراڵ بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بە فراوانی تەرکیز دەکاتە ســەر ژنانی چینی ناوەڕاســت و چینی باڵا. لەکاتێکدا بە بەراورد بە چینی نـاوەڕاســـــت، ژنـانی چینی کرێکـار بە دەگمەن لەڕووی ئابوورییەوە وابەستەی خێزانەکانیان بوون، هەمیشە خۆیان کاریان کردووە و ئەمەش لە سەد ساڵی ڕابردوودا لە زۆربەی هەرە زۆری حاڵەتەکاندا ئازادبوونی ژنانی چینی کرێکار لە پیاوان زۆر فراوانتر بووە لە ئازادبوونی ژنانی چینی ناوەڕاســـــت لە پیاوان «کە هاوســـــەران، برا و باوکانیانە». ئەگەر ئەمڕۆ نموونەیەکی دیارتری سەردەمی کۆرۆناڤایرۆس بهێنینەوە، توندوتیژیی خێزانیی پیاوان بەرانبەر بە ژنان بەهۆی دیجیتاڵیزەبوونی کار و نووســـــینگەکردنی ماڵەوە، لەناو ژنانی چینی ناوەڕاستدا زۆرترین حاڵەتی توندوتیژی، هەراسانی سێکسی و تەنانەت دەستدرێژیش تۆمار کراوە بەراورد بە ژنانی چینی کرێکار، چونکە ڕۆیشتنەوە بۆ ماڵەوە لە سەردەمی پەتای کۆرۆناڤایرۆسدا، کەمتر چینی کرێکاری دەگرتەوە و زیاتر تەرکیزی دەکردە ســـــەر چینی ناوەڕاســـــت. ژنانی چینی کرێکار هەر لە سەرەتاوە و پێش پەتاکە و دوای پەتاکەش هەر لە دەرەوە بوون و لە کارەکانیان بەردەوام بوون.

کەواتە لێرەوە بەو دەرەنجامە دەگەین، بەبێ ئەوەی هەوڵ بدەین بە هیچ جۆرێک ببینە «ئیکۆمۆمیســـــــت» یـان پێمـان بکەوێتە نـاو «کورتکردنەوەخوازیی چینایەتی»یەوە، دەبینین تیۆرە فێمینیســتییە لیبراڵەکان، لەو شــوێنەدا شــکســت دەهێنن کە پێیان وایە کۆی پەیوەندییەکانی نێوان ژنان و پیاوان بە یەکســــان دەڕۆن. کارکردن و شـــوێنی کاری ژنان بە دڵنیاییەوە ڕۆڵی بنچینەیی هەبووە لە کەمکردنەوەی دەســەڵات، کۆنترۆڵ، هەژموون و توندوتیژیی پیاوان لەســەر ژنان. بەڵام دیســـــان ئەمە بەو مانایە نایەت کە ئێمە تەنها یەک لای کێشـــەکە

ببینین و لاکەی دیکەی فەرامۆش بکەین. بێگومـان لەنـاو کۆمەڵگە و جیهـانی ئەمڕۆدا، هاوشـێوەی پێشـوو، هەم مۆدێلی بەرهەمهێنانی سـەرمایەداری وەک خۆی باڵادەستە کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆتر ژنان دەچەوسێنێتەوە و هەم بە فراوانیش پیاوسـاـلاری و باوکسـاـلاری کۆتایی پێ نەهاتووە و مانۆڕی خۆی دەکات. هەر بۆیە بۆ تێگەیشـتن لە واقیعییەتی چەوسـاندنەوەی ژنان لەناو سەرمایەدارییدا نە دەبێت وەک فێمینیستە لیبراڵەکان تەرکیز بکەینە سەر تیۆری باوکسـاـلاری و نە وەک بەشـێک لە کورتکردنەوەخوازە چینایەتییەکان و ئیکۆنۆمیستەکان، پێمان وابێت بە ڕووخانی سـەرمایەداری ئیتر کێشـەی ژنیش چارەسـەر دەبێت. پێکەوەبینینی هەردوو مۆدێلی بەرهەمهێنانی سـەرمایەداری و مۆدێلی ئایدیۆلۆژیی باوکسـالاری بەیەکەوە– نەک بەو شـێوەیەی ژولیت میچڵ لە یەکیان جیا دەکاتەوە –وا دەکات کە بتوانین هەم وێنەیەکی ڕوونترمـان بۆ چەوسـاندنەوەی ژنـان هەبێـت و هەمیش دەروازەی خەبـاتی ڕزگـاری و دامەزراندنی ستراتیژەکانی خەبات.

کەواتە گۆڕانی ڕۆڵی شـوێن و هێزی کـارکردنی ژنـان، هەنگاوێکی گرنگە لە پاشـەکشـێکردن بە ئایدیا کۆن و کۆنەپارێزەکانی باوکسـاـلاری و هەژموونی پیاوسـالاری بەسـەر ژنەوە. لەگەڵ ئەوەشـدا هەنگاوی دیکەش پێویسـتن، چونکە بێگومان سـەرمایەداری و حکوومەتە سـەرمایەدارییەکان و بەگشـتی کۆی ئەو حکوومەتانەی دیکەش کە لەسـەر بنەمای ئەم مۆدێلە (جا فۆرمە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکەی هەرچۆنێک بێت بەو پێیە فۆرمەکـانی تونـدوتیژییەکـانیشـی بەرجەسـتەتر دەبن) دامەزراون نایانەوێت کۆتایی بە هەژموونی پیاوێتی بهێنن، چونکە خودی مۆدێلی بەرهەمهێنانی سـەرمایەداری، ڕیشـەی قووڵی لەناو

مێژووی دوور و درێژی پیاوسالاری و باوکسالاریدا هەیە. بەو جۆرەی فێمینیستی هاوچەرخ، مارتا خیمێنتز ئاماژەی پێ دەکات:

«ئەو بیرۆکەیەی دەڵێت لەناو سەرمایەداریدا، مۆدێلی بەرهەمهێنان مۆدێلی دووبارەبەرهەمهێنانەوە دیاری دەکات و لە ئاکامیشدا پەیوەندییە نایەکسانەکانی نێوان ژنان و پیاوان شایانی بینین دەبن، بریتی نییە لە فۆرمێکی 'ئیکۆنۆمیزم' یان 'کورتکردنەوەخوازیی چینایەتی'، بەڵکوو ناسینەوەی تۆڕی ئاڵۆی کاریگەرییە فراوانەکانی مۆدێلێکی بەرهەمهێنانە بەسەر پەیوەندییەکانی ژنان-پیاواندا کە بەهۆی کەڵەکەکردنی سەرمایەوە دەچێتە پێشەوە نەک بەئامانجی دابینکردنی پێداویستییەکانی خەڵک»[٢٦].

بە هەبوونی ئەم ڕۆڵە بنچینەیییەی ژنان لە کاری بێکرێی ماڵەوە وە بەشداریی ژنان لە هێزی کاردا، بە واتا هەم سەرکوتکردن و هەم چەوساندنەوە دێت، سەرکورتکردن لە ڕێگەی مۆدێلی ئایدیۆلۆژیای باوکسالارییەوە، چەوساندنەوە بە هۆی مۆدێلی بەرهەمهێنانی سەرمایەدارییەوە. ئەوان لە کاتێکدا وەک ژن سەرکوت دەکرێن و ستەمیان لێ دەکرێت، چونکە سروشتی سەرکوتکردن لەم فۆرمەدا سروشتێکی پیاوانەیە و ماوەیەکی درێژی مێژوویییە هەیە، هەم وەک کرێکاریش دەچەوسێنرێنەوە، چونکە چەوساندنەوە سروشتی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری پێک دەهێنێت. پەیوەندییەکی دیالەکتیکیی لەنێوان خێزان و کاری کرێ پێدراو هەیە، تێیدا جیهانی بەرهەمهێنان زۆر بنچینەییترە. بازاڕی کار کاریگەریی بەرچاو و گەورە لەسەر کارکردنە ناوخۆییە «تایبەتەکان»ی خێزانەکان دەسەپێنێت، بە خودی بڕیارە گرنگەکانی وەک بڕیاری نەوەخستنەوە، یاخود بڕیاری ئەوەی بەشی سەرەکیی داهات بۆ کام ئەندامی خێزان بڕوات یاخود کاری کرێ پێنەدراوی ماڵەوە لە بنەڕەتدا دەبێت پشکی لە داهات بەر

بکەویت یان نا، ئەمەش بەدیاریکراوی زیاتر لە کاتی منداڵبووندا دەردەکەویت. ئەو دەرەنجامە دروست دەبیت وە دەمێکیشە لە ئارادایە کە پێشکەوتووترین سیستەمی سەرمایەداری هێشتا بەشدارە لە چەوساندنەوەی ژنان وەک هێزی کار و هەروەها ئایدیۆلۆژیا کۆنەپارێزەکانی باوکسالاری و پیاوسالارییش بەردەوامترن لە سەرکوتکردنی زیاتری دەنگ و ڕەنگ و ئامادەییی ژنان و هێشتنەوەیان بە پاشکۆ. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، دەرکەوتنی ژنان بە فراوانی لە شوێنەکانی کار، بوارە گشتییەکان و بوون بە دەنگ و ڕەنگی سەربەخۆی بەرهەمهێنانی نەک تەنها ماتریالی، بەڵکوو هونەری، فیکری و کولتووریش، بووەتە هۆی تەحەدداکردنی فۆرمە کۆنەکانی پەیوەندی.

## ڕیشەکانی توندوتیژیی دژی ژنان لە کوردستان

«قووڵترین کێشەکانی ژیانی مۆدێرن لە هەوڵی تاکەوە بۆ پاراستنی سەربەخۆیی و تاکایەتی بوونی خۆی دژی دەسەڵاتە حاکمەکانی کۆمەڵگە، دژی کێش و قوورساییی میراتی مێژوویی و کولتووری دەرەکی و تەکنیکی ژیانەوە، دێتەئاراوە» - گیۆرگ زیمیل، 'میترۆپۆلیس و ژیانی زەینی'[٢٧].

کۆمەڵناس و فەیلەسوفی ئەڵمانیی گیۆرگ زیمیل، لە وتارە بەناوبانگەکەیدا دەربارەی گەورەشار و ژیانی زەینی (١٩٠٣) پەنجەی لەسەر چەند خاڵێکی زۆر بنچینەیی داناوە، کە ڕووبەڕووی تاک دەبێتەوە لە گەورەشار (میترۆپۆلیس)دا ، بەتایبەت کولتووری دەرەکی و کێش و قوورساییی میراتی مێژوویی. ئەوەی بۆ

ئێمە لێرەدا گرنگە، نەریت، میرات و کولتوور، بەتایبەت کولتوور چونکە وەک فاکتەرێک کاریگەری لەسەر سایکۆلۆژیای تاک و کۆمەڵ دادەنێت و بگرە دروستیشی دەکات، ئەوەیە کە ڕیشەی توندوتیژیی سێکسوالی لەناو کۆمەڵگە مۆدێرنەکاندا بدۆزینەوە. واتە کاتێک کۆمەڵگەیەک گەیشتە ڕادە و بڕی پێشکەوتنی شارستانێتیی پیشەسازی، ئەمە بەو مانایە نایەت کە ئەو کۆمەڵگەیە توانیبێتی کێشە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان چارەسەر بکات. هەڵبەت ئەو گەورەشارەی کە زیمیل باسی دەکات، هەرگیز بەو فۆرمە لای ئێمە، تەنانەت لە ٢٠٠٣ بەدواوە، سەری هەڵنەداوە. ئەو باسی بەرلینی سەرەتای سەدەی بیست دەکات کە پایتەختی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان، سینەما، پایتەختی مۆدێرنیتە و گۆڕانی ڕۆڵی ژنان بووە. بەڵام ئێمە دەبینین کە لە دوای ٢٠٠٣ەوە مۆدێلێکی نوێی ئابووریی سیاسی هاتووەتە کوردستانەوە، ئابووریی سیاسیی نیۆلیبراڵیزمی تێکەڵ بە پاشماوەکانی خێڵ، ئایین، نەریت، کێش و قوورساییی میراتی مێژوویی، کولتووری کۆلۆنیالیزم و هتد. هەموویان وەک کۆمەڵێک فاکتەری کولتووری و سیاسی و ئابووری، جۆرێک لە سایکۆلۆژیای تاک و کۆمەڵیان دروست کردووە کە ڕیشەیەکی توند، چەوسێنەرانە، سەرکوتکەر، دەسەڵاتخواز و توندوتیژانەی پیاوسالارانە و باوکسالارانەیان هەیە، بەتایبەت دژی ژنان بە فراوانی و هەروەها دژی لاوانی نوێش بە شێوەیەکی تایبەت.

هیچ بزووتنەوەیەک، کۆمەڵگە و کولتوورێکی کۆنەپارێز نییە پشت بە نەریت نەبەستێت، هیچ نەریتێکیش نییە هێندەی نەریتی ئێمە بەم دواییانە دڕ، دڕ و توند بێت. زۆرجار دەگوترێت دوای ٢٠٠٣ نیشانەی پێشکەوتنی کۆمەڵگەی کوردی بووە، بەوەی کە زۆرێک ژنانیش هاتوونەتە دەرەوە و ئێستا کار دەکەن. لەگەڵ ئەوەی ئەم بۆچوونە ڕاستی تێدایە و نکوڵیی لەمە ناکرێت، بەڵام

هاتنەدەرەوەی ژنان هێشـــتا پشـــت بەو مۆدێلە ڕەقە ئابووریی ســـیاســـییە دەبەســـتێت کە پیاو، بە نەریتی هەزاران ســـاڵەوە کۆنترۆڵەکەی بەدەســـتەوەیە. مۆدێلی بەرهەمهێنانی ئابووریی پشـت بەسـتوو بە نەوت، مۆدێلێک نییە بتوانێت دەرفەتی کاری داهێنەرانە، چالاک و یاخود کار وەک چالاکییەکی زیندووی ژیان بڕەخسێنێت. لە بنەڕەتدا ئەوانەی لە کەرتی نەوتدا کاردەکەن، هەمان ئەو نوخبە کۆنەن، کە پێشـتر لە سـەردەمی فیودالیزمدا کۆنترۆڵی زەوییان بەدەسـتەوە بوو. هەروەها پێویسـتە باسـی ئەوەش بکەین چڕبوونەوەی توندوتیژی لەسـەر ژنان لە کوردسـتان تەنها نیشـانەی هێزی پیاوسـالاری و باوکسـالاری نییە، بەڵکوو نیشانەیەکی ترسیشە لە قۆناغی تێپەڕین و ڕاگوزەر بەرەو کۆمەڵگەیەکی نوێتر. ئینجا فۆرمی ئەو کۆمەڵگەیەی داهاتوو چۆن دەبێت هێشـــتا دیار نییە، بەڵام کـاردانەوە تونـدوتیژەکـان بەرانبەر بەم ڕاگوزەرە، کە بەگشـــتی لە هێز و هەژموونی پیاوێتی و نێرسـالارییەوە دژی ژنان دێت، نیشـانەی ترسـێکی قووڵی ســـایکۆلۆژیی ســـەرکوتکەرە کە کۆمەڵێک فاکتەری کولتووری لە پشـــتییەوە وەستاون.

دیاریکردنی سـروشـتی ئابووریی سـیاسـیی نەوت لە کوردسـتان پێویسـتی بە لێکۆڵینەوەی ســـەربەخۆ هەیە، کە ڕەنگە لەم لێکۆڵینەوەیەدا بە تەواوی نەتوانین مافی خۆی پێ بدەین. بەڵام خاڵێکی گرنگ کە بۆ ئەم بەشـە پێویستمانە، بریتییە لە ســـەرهەڵدانی ســـایکۆلۆژیای ســـەرکوتکەر و توندوتیژیی پیاو دژی ژنان لە کوردســـــتـــان. ئەمەش نەک لە ڕوانگەیەکی تەواو ئـــابوورییەوە، بەڵکوو لە گۆشـــەنیگای ئەخلاقی و فەلســـەفییەوە دەکرێت بە کورتی بڵێین – و ئێســـتاش قەیرانەکانی بە چاوی خۆمان دەبینین – نەوت ئابوورییەکی وابەســـتەیە نەک ســـەربەخۆ. ئەم وابەســـتەییەش واتا ســـەرمایەداریی جیهانی لە کوردســـتان

شـوێنێکی بۆ خۆی کردۆتەوە و لە ڕێگەیەوە نەوتی هەرزانی بۆ وزەکانی خۆی دەســت دەکەوێت، ئەگەرچی تا ئێســتا نەوتی کوردســتان بەراورد بە وڵاتانی دراوســێ ڕێژەی هەناردەکردنیشــی کەم بێت. وەک دەشــزانین کۆی کەرتی بەرهەمهێنـان لە کوردســـتان کورت کراوەتەوە بۆ کەرتی دەرهێنـانی نەوتی ژێرزەوی و نەوتیش خۆبەخۆ سەرچاوەیەکی سروشتییە کە تازە نابێتەوە واتا خۆی بەرهەم ناهێنێتەوە. «تازەنەبوونەوە» بەومانەیەی کە نەوت لە ماوەیەکی کەمدا کۆتایی دێت. بەڵام هەژموونی دەســـەڵاتداریتی، مۆدێلی خێڵەکییانە، لە فۆرمی حزبی مۆدێرندا، بۆ کۆنترۆڵکردنی نەوت ئەو پرســـیارەیان هەرگیز بۆ گرنگ نییە کە ئایا نەوت کۆتایی دێت یان نا؟ ئەگەر کۆتایی هات، ئەی دواتر چی؟

پێشـتر بینیمان مۆدێلی بەرهەمهێنانی سـەرمایەداری لەسـەر کاری بەردەوام و بەرهەمهێنانی بەردەوام دامەزراوە، بەڵام لە بنەڕەتدا مۆدێلی ئابووریی سیاسیی نەوت پشــت بە بەرهەمهێنان نابەســتێت، کاڵا مرۆڤ بەرهەمی دەهێنێت، نەوت «دەســـتکردی مرۆڤ» نییە، دەدۆزرێتەوە، دەردەهێنرێت و بەکار دەهێنرێت. ڕەنگە کەســـانێک بڵێن بەڵام هێزی کار لە دەرهێنان و پاڵاوتن و بەکارهێنانیدا بەکار دەهێنرێت، بەڵێ ئەمە ڕاســتە، بەڵام کاریگەری و پانتاییی ئەم هێزی کارە زۆر جیاوازە لە چەمکی نەریتیی کار. ئەگەر ڕەهەندێکی کەمێک فەلســـەفی بە ئابووریی نەوت ببەخشین دەڵێین نەوت بریتییە لە جەوهەرێکی شیعری، ڕەمزی و میتافیزیکی. بەو مانایە فەلسەفەیەکی پێش-مۆدێرن، نوخبەیی، ئەریستۆکرات، ڕێزی بۆ کار و کەرامەتی کار نییە و هتد. هەر لەبەر ئەوەشـــە، کە کاریگەرییە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان لە زۆربەی کۆمەڵگە نەوتییەکاندا کوشـــندەن و ڕۆژ بە ڕۆژ دەسـتیان هەیە لە زیندووکردنەوەی بیری کۆنەپارێز و خێڵەکی وە

هەمیش بەشداریی زیاتر لە پیسکردنی ژینگەدا دەکەن. ئابووریی نەوت، دەکرێت بڵێین، گەڕانەوەی کۆمەڵگە و نەزمی ڕژێمی فیودالییە، کە نە تواناى تێپەڕبوونی هەیە بۆ قۆناغێکی دیموکراتیانەتر، نە خۆشـــی دەیەوێت ئەم تێپەڕینە ئەنجام بدات. لە ئابووریی سیاسیی نەوتدا ئەو شتە ڕوو نادات کە کۆمەڵناسی ئەڵمانیی نۆربەرت ئەلیاس، پێی دەڵێت «پرۆسـەی بەشـارسـتانیکردن». بەشارستانیکردن بەو مانایە نایەت کە دەوڵەتێکی ئەوروپی لەژێر ناوی بەشـــارســـتانیکردندا خەریکی فراوانخوازیی کۆلۆنیالیستی و تاڵانکردنی وڵاتان بێت. بەڵکوو پرۆسەی بەشـــارســـتانیکردن واتا فراوانکردنی تواناکانی بەرهەمهێنان، فراوانکردنی کاڵاکانی بەکاربردن، لەپاڵیدا هەڵکشـــاندنی دەرفەتی یەکســـان بۆ پەروەردەی گشـــتی، خولقاندنی بواری گشـــتی بۆ بەرهەمهێنانی کولتووری، و بەشـــداریی دیموکراســـی، یـاخود دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگە[٢٨]، یـاخود ئەو ڕەهەنـدەی سـەرمایەداری کە مارکس بە ڕەهەندی «بەشـارسـتانێتیکردنی سـەرمایە» ناوی دەبات. ئەمەش وەک پێشـتر باسـمان کرد، پێویسـتی بە گۆڕانی پێگە و مانا و ڕۆڵی کار لە کۆمەڵگەی مۆدێرندا هەیە کە هەم دەرفەتەکانی کاریی دەخولقێنێت و هەم ســـەرمایەداری بەهۆی ناکۆکییەکانییەوە، ڕێگە بە ژنانیش دەدات کار بکەن. ئەم کـارکردنەی ژنـان، هەنگـاوێکی گرنگە بۆ لێـدان و تەحەدداکردن و هەڵوەشـاندنەوەی فۆرمە کۆنە سـەرکوتکارەکانی خێزان کە تێیدا لە یەک کاتدا بەها بۆ کاری ماڵەوە دانانێت، هەروەها ژنان دەکات بە پاشـــکۆی پیاوان و هەمیش وەک دەرەنجـام تونـدوتیژی لەســـەر ژنـان و برەودانەوەی زیـاتر بە هەژموونی پیاوێتی و باوکسالاری زیاتر دەکات.

لەناو کۆی پرۆســە و مۆدێلی بەرهەمهێنانی نەوتدا، یاخود ئابووریی ســیاســی نەوتدا، ئێمە هەرگیز هیچ نیشـانەیەک بۆ پرۆسـەی بەشـارسـتانییکردن نابینین،

بەو مانایە گۆڕانی کولتووری و کۆمەڵایەتی ڕوو نادەن و تەنها گۆڕان لە ڕواڵەتی دەرەکیی شارەکاندا ڕوو دەدات. هۆکاری ئەمەش بەهۆی ڕژانی پارەوەیە بە شێوەیەکی کاتی بۆ ناو کۆمەڵگە و هەروەها گۆڕینی ژینگەی سروشتیی بەشێک لە شارەکانە بۆ ژینگەی شووشەیی و چیمەنتۆ و ئاسن، ئەمەش دیسان بە شێوەیەکی ناهاوسەنگ ڕوو دەدات و زیاتر شوێنە دەوڵەمەندنشینەکان دەگرێتەوە. لە کاتێکدا بەرهەمە زیانبەخشەکانی شووشە و ئاسن دەبنە خۆراکی کۆی کۆمەڵگە و بەشێکی کەمی فیوداڵە خاوەن نەوتەکان، بە هاوپەیمانیی کۆمپانیا فرەنەتەوەکان، ناوچەیەکی سەوز بۆخۆیان دروست دەکەنەوە و خۆیان لە سەنتەرە قەرەباڵغەکان دادەبڕنەوە. ئەم مۆدێلەی ئابووریی سیاسیی نەوت، نەک زیانی بۆ گۆڕانی کۆمەڵایەتی هەبووە، بەڵکوو هۆکارێکی ئەگەر سەرەکی نەبێت، بەڵام جددی بووە لە فراوانکردنی فۆرمەکانی ستەم لەسەر ژنان و گەشەدان بە کولتووری کۆنەپارێز، کە تێیدا دیسان ژنان دەبنەوە بە قوربانیی یەکەم.

وەک لە سەرەتای ئەم بڕگەیەدا باسم کرد، نامەوێت لێکۆڵینەوە لە ئابووریی نەوت بکەم، بەڵام گرنگ بوو نیگایەکی خێرامان بۆی هەبێت، و ئەم ڕوانگە خێرایەش لە پەیوەندیدا بە بابەتەکانی سەرەوە بخوێنرێتەوە. چونکە ڕەنگە خەڵکانێکی زۆر پێیان وابێت ئابووریی سیاسیی نەوت ڕۆڵی نییە لە درێژەدان بە توندوتیژی و بیری کۆنەپارێز، دیارە ئەم بابەتە پێویستی بە لێکۆڵینەوەی زیاتر هەیە بەوەدا کە چۆن ئەم ئابوورییە ڕەهەندە کۆنەپارێزییەکانی ئایین، کولتوور و خێڵ و نەریتی زیاتر فراوانکردووە لە بەئەبەدییکردنی توندوتیژیدا. ئەوەی لێرەدا دەمەوێت کەمێک کورت باسی بکەم، سەرهەڵدانی جۆرێک سایکۆلۆژیای سەرکوتکار و توندوتیژە لە کۆمەڵگەی کوردیی دوای ٢٠٠٣ کە

بێگومـان ڕیشـــــه کولتووری و کۆمەڵایەتییەکـانی زۆر کۆنترن. ئەو مۆدێـل و میتۆدەی لێرەدا تـاقی دەکەمەوە بریتییە لە مۆدێلی ســـــایکۆلۆژیی کولتووریی فراوان، ئەمە واتا چی؟

بنچینە و پرەنسـیپی سـەرەکیی مۆدێلی سـایکۆلۆژیی کولتووریی فراوان بریتییە لە دیاردەی سـایکۆلۆژی وەک درککردن، خود، هەستەکان، ناسین، و نەخۆشیی مێشـک کە شـتگەلی سـروشـتی نین، بەڵکوو دیاردەی کولتوورین. سـایکۆلۆژیا خۆی پشـــت بە فاکتەرە فراوانە کولتوورییەکان دەبەســـتێت و بەرجەســـتەیان دەکات. کولتوور خۆی لە سیستەمێکی کارکردنی ڕەهەندی دەروونیش پێکدێت. ئێمە لە ڕێگەی فاکتەرە کولتوورییەکانەوە بیردەکەینەوە، درک دەکەین و هەست بە شتەکانی دەوروبەرمان دەکەین. وەک نموونەیەک بیهێنینەوە، کوشتن لەسەر شـــەرەف لەناو کۆمەڵە ئایینی و خێڵەکییەکاندا: لەبەر ئەوەی دەیویســـت لە دەرەوەی نۆرمە داســـەپاوەکانی کۆمەڵگە بژیت، ماریا ســـامی بە شـــێوەیەکی دڕندانە لەلایەن برای/مامییەوە تیرۆر دەکرێت. برا و مام و باوک، بەڵکوو بگرە بەشـێکی گەورەی کۆمەڵگە، وا هەسـت دەکەن بوونی ماریا شـەرمەزارییە، بۆیە ئەگەر بە نیگـایەک وردبینەوە هەم گوێ لە دانپیـانـانی بکوژ، و هەم کۆمێنت و لێدوانی بەشـــی فراوانی کۆمەڵگە ببینین، دەبینین نەک هەســـت بە پەشـــیمانی ناکەن، بەڵکوو کوشـــتنی ماریا جۆرێک ئاســـوودەیی دەروونی بۆ کەســـە نزیکەکـانی و بەفراوانی بۆ کۆی کۆمەڵگە دەهێنێت، جۆرێک لە پاقژبوونەوەی دەروونی. ئەو سـایکۆلۆژییەتە توندوتیژەی هەمووی لە ماریا تووڕە بوو بەوەدا شـــتێکی کردبوو، ژیـانێکی هەڵبژاردبوو لەگەڵ بەهـا و نۆرمەکـانی ئەوانـدا نەدەگونجا. زنجیرەی هەسـت و سـۆزەکان، بەڵگەهێنانەوە، ئەخلاقیات و ڕەفتارە کۆمەڵایەتی و دەروونییەکـان هەموویـان لەلایەن ڕەچەتەیەکی کولتوورییەوە

ڕێکخـرابـوون، ڕەوایەتـی بەم تـیـرۆرکـردنە بـدەن. ئەمەش واتــا فــاکتەرە کولتوورییەکان سـیسـتەمەکانی کارکردنی سـایکۆلۆژیان. سـایکۆلۆژیای برا و مامی ماریا و ڕەوایەتیپێدەرانی تاوانەکە لە ئاستی کۆمەڵگەدا، داهێنراوێکی تەنها یەک تاکەکەس، واتا برای ماریا نییە، هەروەها کاردانەوەیەکی سـروشـتییانەی مرۆڤیش نییە.

سـایکۆلۆژیا بە تەنها ناکەوێتە ژێر کاریگەریی فاکتەرە کولتوورییەکانەوە، بەڵکوو لە فـاکتەرە کولتوورییەکـان پێـک دێـت. فـاکتەرە کولتوورییەکـانیش لە ناوەوەی زەین و مێشـکدا کارکردنە سـایکۆلۆژییەکانی ئێمە پێک دەهێنن، ئەوان بە تەواوی لە دەرەوەی دەروونەوە نین. لەبەر ئەوەیە خەسـڵەتی کولتووریی سـایکۆلۆژیا وادەکات سـایکۆلۆژیا پەنجەرەیەک بێت بۆ ناو کۆمەڵگە. بە وردبوونەوە لە سایکۆلۆژیای توندوتیژ دەتوانین فاکتەرە کولتوورییەکانی پشتی ببینین: ئـایین، نەریت، نەریتی خێڵ، ڕەقبوون و بەبەردبوونی پیـاوسـالاری، باوکسـالاری و «شـەرەفپارێزیی پیاوانە» و «هەژموونی نێرایەتی» و پاشـان بەرژەوەندیی ئابووریی سیاسیی توێژ و چینی حوکمڕان و هەروەها ڕۆشنبیران و هونەرمەندانی نەریتی.

سـایکۆلۆژیای کولتووری جەخت لەسـەر ئەوە دەکاتەوە کە سـایکۆلۆژیا لەناو فاکتەرە کولتوورییە فراوانەکاندا دروسـت دەبێت، خەسـڵەت و کارکردنەکانیان دیاری دەکات و وایان لێ دەکات لەناو تاک و کۆمەڵدا ببنە کۆمەڵێک خەسـڵەتی ڕەق و جێگیر. بە شـێوەیەکی لۆژیکی پەیڕەویی لەو هەلومەرجە کۆمەڵایەتییە سـەرکوتکارانە دەکات، کە سـایکۆلۆژیای تاکی سـەرکوتکراو بەرهەم دەهێنن. سایکۆلۆژیستی ئیسپانیی ئیگناسیۆ مارتین-بارۆ، لە لێکۆڵینەوەکەیدا دەربارەی

چارەنووسگەرایی (fatalism) نموونەیەکی ڕوونی ئەم بابەتەی بەدەستەوە داوە:

«چارەنووسگەرایی ڕێگە و شێوازێکە بۆ خەڵک وابکات مانا بەو جیهانە ببەخشن کە پێیان وایە جیهانێکی داخراوە و لە دەرەوەی کۆنترۆڵی ئەوانەوەیە؛ ئاراستە و مەیل و بیرکردنەوەیەکە دەبێتە هۆی کارکردنی سەرکوتکارانەی هەموو پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان و تەنانەت بەهێزتریشیان دەکات. منداڵانی پەراوێزخراوی کۆمەڵە دوورەکانی ئەمریکای لاتین بۆیە چارەنووسگەرایی بە ناوەکی ناکەن چونکە لە دایک و باوکیانەوە بەمیراتی بۆیان ماوەتەوە، بەڵکوو لەبەر ئەوەی بەرهەمێکی ئەزموونی خۆیانە لەگەڵ کۆمەڵگەدا. ڕۆژ دوای ڕۆژ فێردەبن هەوڵەکانیان لە قوتابخانە ناگاتە هیچ شوێنێک و بە بنبەست دەگەن؛ ئەوان هەوڵی بەردەوام بۆ فرۆشتنی ڕۆژنامە لە شەقامەکان، پاسەوانیکردنی ئۆتۆمبێلەکان و پێڵاوبۆیاخکردن دەدەن، بەڵام شەقام بۆ ئەمانەش پاداشتیان ناکات؛ و لەبەر ئەوە زۆر باشترە هەرگیز خەون نەبین یان بیر لەو ئامانجانە نەکەنەوە کە هەرگیز ناتوانن پێیان بگەن. فێر دەبن پاشەکشێ بکەن و خۆیان بەدەستەوە بدەن، نەک هێندە بەهۆی گواستنەوەی بەهاکانەوە لە ڕێگای پێکهاتەیەکی داخراوەوە، بەڵکوو بەهۆی پیشاندانی ڕۆژانەی ئەوەی چەندە مەحاڵ و بێکەڵکە هەوڵ بدەن بارودۆخیان بگۆڕن، چونکە پێیان وایە ئەو ژینگەیە خۆی بەشێکە لە سیستەمی کۆمەڵایەتیی سەرتاپاگیری سەرکوتکەر»[٢٩].

وەسف و لێکدانەوەکانی مارتین-بارۆ زۆر بنچینەیی و فێرکەرانەن، چونکە چارەنووسگەرایی، یان باوەڕبوونی پتەو بە ڕوودانی چارەنووس بە فاکتەرە کولتوورییەکانەوە گرێدەداتەوە، بەپێچەوانەی سایکۆلۆژیستە باو و

پۆپۆلارەکانەوە. چارەنووسـگەرایی کۆمەڵە ڕەهەند و لایەنێکی کێشـەسـازی بوونی چینی خوارەوە ئاشـکرا دەکات کە یارمەتیی پاسـاوهێنانەوە بۆ ڕیفۆرمی کۆمەڵایەتی دەدەن. لە کـاتێکـدا بـارۆخۆی پـاڵەوان و خەبـاتکـارێکی خەڵکی خوارەوەی کۆمەڵگا بوو، بەڵام ئاگای لەوەش بوو کە دەبێت ئێمە واقیعییەتی سـایکۆلۆژییانەی ئەو خەڵکە بناسـینەوە، چونکە تا ڕادەی شـێتگیرییانە و چارەنووسـگەراییانە سـەرکوتکراوە و ژێرپێ خراوە. بێگومان، ئەمە تەنها یەک دەرکەوتنی لایەنی سـەرکوت و سـتەمە. زۆر لایەن و هۆکاری دیکەش هەن، بۆ نموونە نەزانی، بێ هەسـتی، خورافە، دەمـارگیری، تونـدوتیژی، فشـار، نەخوێنـدەواری و نەخۆشـیی زەینی. بەو مـانـایە نەزانیی ڕەهەنـدێکی تەواو سـیاسـی هەیە کە دەبێتە هۆی زیادبوونی سـەرکوت و توندوتیژی. بۆ نموونە لێکۆڵینەوە تازەکانی بواری ئەپستمۆلۆژیای نەزانیی و سۆسیۆلۆژیای نەزانیی باس لەوە دەکەن نەزانی بە شـێوەیەکی چالاکانە و مەبەسـتدارانە لەناو دانیشتواندا برەوی پێدەدرێت تا وایان لێ بکات هێمن و ئارامیان بکات. نەزانی، گومان-لەخۆکردن، چارەنووسـگەرایی و خەوشـە سـایکۆلۆژییەکانی دیکە ئامرازێکن بە هۆیانەوە چینە باڵادەستەکان دەسەڵاتی خۆیان بەسەر کۆمەڵگە و دانیشـتوانـدا دەهێڵنەوە و لە خوارەوەش پەرە بە تونـدوتیژی دەدەن تـا توندوتیژیی خوارەوە لە خۆیان دوور بخەنەوە، چونکە دەزانن بەو نایەکسانییەی دروسـتیان کردووە، ئەگەر خوارەوە وشـیار بن، توندوتیژییەکانیان نەک دژی یەک، بەڵکوو دژی سەرەوە ئاراستە دەکەن.

لەکاتێکدا سایکۆلۆژیای سەرکوت، ستەم و توندوتیژی لەوەش ئاڵۆزترە، چونکە سـایکۆلۆژیای مرۆڤی سـەکوتکراو بەهۆی ئەو دۆخەی تێیکەوتووە چالاکانە سـەرکوتکردن بەرهەم دەهێنێتەوە و بەردەوامی پێ دەدات. لەبەرئەوە

***سـايكۆلۆژياى مرۆڤى سـەركوتكراو دەبێتە سـايكۆلۆژياى مرۆڤى سـەركوتكەر.***

لەم ڕووەوە سایکۆلۆژیای مرۆڤی سەرکوتکراو دەست دەکات بە سەرکوتکردنی ئەو تاکانەی چالاکانە بەشداریی لە چالاکیی سایکۆلۆژیانەی سەرکوتدا دەکەن. بۆیە وەک گوتمان، ئەم ڕەهەندەیە وا دەکات سایکۆلۆژیای تاکی سەرکوتکراو خۆی ببێتە تاکێکی سەرکوتکەر و ڕەهەند و فاکتەرە کولتوورییەکانی پشتی سەرکوت لەبیر بکات، کە لەلایەن چینە باڵادەست و خاوەن بەرژەوەندەکانەوە بەردەوام خۆراکی پێ دەدرێت و فراوانتر دەکرێت. لێرەوە دەبینین سایکۆلۆژیا خۆی بریتییە لە فاکتەرێکی کولتووریی فراوان. لە پشتی هەر کردەیەکی توندوتیژییەوە مێژوویەکی دوور و درێژی کولتوور و نەریت وەستاوە کە بەشدارن لە دروستکردنی سایکۆلۆژیای توندوتیژیی ئەو کەسەی خۆی توندوتیژیی بەرانبەر کراوە بێ ئەوەی بە خۆی بزانێت. هەڵبەت دەبێت ئەوەشمان بە فراوانی لەبیر بێت، کە نابێت تاک بەم هۆیەوە خۆی بێ تاوان و بێ بەریی بکات کاتێک بۆی دەردەکەوێت ڕیشەیەکی قووڵ لە پشتی توندوتیژییەکانییەوەیەتی، بەڵکوو یەکەم هەنگاوی وشیاری ئەوەیە مرۆڤ نەک خۆی لەم سایکۆلۆژیایە دوور بخاتەوە، بەڵکوو بەشدار بێت لە بەدیهێنان و داهێنانی سایکۆلۆژیایەکی ڕزگاریخواز و یەکسانیخواز.

ئێمە تا ئەم ساتە لە کوردستان بە دەگمەن بەر ئەو تاکانە دەکەوین خۆیان لەم سایکۆلۆژیایە ڕزگار بکەن و بەشداریش بن لە داهێنانی سایکۆلۆژیایەکی ئەڵتەرناتیڤ، بەڵام هەروەها بێگومانیش، ئەمە پەردەی حیکایەتێکی ڕەش نییە، مرۆڤانێکی زۆر هەن لە دەرەوەی پێکهاتە کولتووری، سیاسی و ئابوورییەکانەوە کار دەکەن بۆ تێپەڕاندنی ئەم دۆخە، ئەوان کە لە سایکۆلۆژیای

سەرکوت بەئاگا هاتوونەتەوە، بیر لە سایکۆلۆژیا و کولتووری ئەڵتەرناتیڤیش دەکەنەوە.

لێرەدا ڕەنگە ئەم پرسیارەش بێتە پێشەوە، کە ئایا ڕۆڵی حکوومەت لەم نێوەندەدا چییە؟ بێگومان حکوومەت کە خۆی بەشدارە لە پەرەپێدان بە کولتوور و سایکۆلۆژیای توندوتیژ. تەنانەت لوتکەی دەسەڵاتی حکوومی و میدیاکەی بەردەوام پلاتفۆرمێکە بۆ ڕەوایەتیپێدەرانی توندوتیژی، دژە-ژنی و دژە-پێکهاتەکانی دیکە و دژە-جێندەر و دژی دەرەجێندەرییەکانی دیکە، کە ڕۆژانە ڕێگە بۆ فراوانکردن و زۆرکردنی فۆرمەکانی دیکەی ستەم خۆش دەکات، چونکە بەرژەوەندیی فراوانی لەوەدایە ئەم جۆری توندوتیژییە بمێنێتەوە. هەروەها ئەوەی لە کەیسی تیرۆری ماریا لە کوردستاندا ڕوویدا، بەوەدا کەناڵێکی فەرمیی سەرۆک وەزیران بکوژ بهێنێتە سەر شاشە و ڕێگەی بۆ خۆش بکات پاکانە بۆ تاوانەکەی بکات و ڕەوایەتی پێ بدات و سۆزی ئەو بەشەی کۆمەڵگەش ڕابکێشێت کە دوودڵ و بەدگومان بووە، شتێکە بە دەگمەن ئەمڕۆ لە گۆشە و کەنارەکانی ئەم هەسارەیەدا دەبینرێتەوە. ئەوەش کە هونەرمەندان و ڕۆشنبیرانی نەریتیی لەسەر ئەم پرسانە قسە ناکەن یاخود لە بنەڕەتدا بە گرنگیان نابینن یان لەژێر چەمک و کاتیگۆریی ڕووت و ئەبستراکتی «کێشەی گەردوونیی مرۆڤ»دا پرسەکە لێڵ دەکەن، بەرژەوەندیی ناڕاستەوخۆیان لەگەڵ مانەوەی فۆرمەکان، سایکۆلۆژیا و کولتووری توندوتیژدا هەیە. چونکە ئەوەی خۆراک بە گەیاندنی پەیامی ڕۆشنبیرانی نەریتی دەدات، میدیا و چاپەمەنییە، میدیا و چاپەمەنیش خۆراک لە هێزە باڵادەستەکان وەردەگرێت، کەواتە لۆژیکییانە ڕۆشنبیران و هونەرمەندانی نەریتی، هاوشانی

هێز و چینە باڵادەستەکان، بەشدارن لە برەودان بە زیاتر فراوانکردنی فۆرمەکانی ستەم.

## کاری خۆڕایی، دایکایەتی، بەرهەمهێنانی کولتووری

پێشتر بە دوور و درێژی باسی کاری ماڵەوەمان کرد، بەتایبەت لە ڕەهەندە تیۆرییەکەیەوە، ئەم پرسە ئەگەر بەڕادەیەک ژنانی چینی کرێکاری وڵاتانی پیشەسازییە گەورەکانی چارەسەر کردبێت، لە کوردستاندا هێشتا بە فراوانی ماوەتەوە. لەلایەک ڕاستە ژنان هاتوونەتە دەرەوە و کار دەکەن، بەڵام هاوکات ئەرکی ماڵەوە و کاری ماڵەوەش لەسەر ئەوانە: پاککردنەوە، ڕێکخستن، چاودێریی منداڵ، کە بەهای هەر یەکێک لەم کارانە بەهایەکی یەکسانی کارکردنە لەناوەوەی کارگە و نووسینگە و فەرمانگەکاندا، بەڵام لە کوردستاندا تا ئێستا هیچ بەهایەک بۆ ئەم کارانە نییە و بەگوێرەی نەریتیش هەمووی بەکاری ژن دەبینرێت، پیاو بەردەوام خۆی بێ بەری دەکات لەم کارانە. لەم ڕووەوە هێزی کاری ژن لە کاری سەربەخۆ، بینینی کار وەک چالاکییەکی زیندووی ژیان، بەتەواوی لێی نامۆ دەبێت و کورت دەبێتەوە بۆ مۆدێلێکی نوێی بێگاری و کاری زۆرەملێ. لەبەرئەوەیە ئەگەر تویژینەوەیەکی فراوانی سایکۆلۆژی و سۆسیۆلۆژی لەسەر ڕەهەندە فیکری و دەروونییەکانی ژنانی کارکەر بکرێت بۆمان دەردەکەوێت بەخێوکردنی منداڵ و کاری ماڵەوە هەرگیز لەلایەن ژنەوە وەک چالاکییەکی زیندوو و بەشێک لە عەشق و خۆشەویستیی کار نابینرێت. بۆ ئەوەی کار ببێتە بەشێک لە چالاکیی زیندووی ژیان، یان دەبێت کاری ماڵەوە

بەکۆمەڵایەتی بکرێت یاخود بەهای کاری بۆ دابنرێت و بە شـــێوەی یەکســـان دابەش بکرێت.

ئەمە لە لایەک، بەڵام لەلاکەی دیکەوە، کێشـــەیەکی دیکە لە کولتووری ئێمەدا هەیە، ئەویش ئەوەیە کە ڕۆشـنبیران و هونەرمەندانی نەریتی و بەشـی فراوانی مێژوونووســان و «پیاوانی ئایینی» نموونەی ژنانی کلاسـیک دەهێننەوە کە لە کولتووری کوردەواریدا ســـەریان هەڵداوە و ژنانی دیاری کۆمەڵگەش بوون، نموونەی حەبسـەخانی نەقیب و هتد. ئەمانەشیان بۆ ڕەوایەتیدان بە توندوتیژیی بەرانبەر بە خواســـتی ژنان بۆ ڕزگاری دەهێنرێتەوە یان بۆ ســـەرکوتکردن، چونکە لە ڕاســـتیدا ئەو مۆدێلەی ژن نواندنەوەی خواســـتی پیاو بووە لە کۆمەڵگەدا و هیچ پەیوەندییەکی بە خواســـتی ژنەوە نەبووە. واتە مەبەســـت لە هێنـانەوەی ئەم نموونـانە بە فراوانی بۆ بێدەنگکردنی دەنگی تـازەی ژنـانە کە دەیانەوێت ئەم جارە نەک بە ئایدیا و بیرۆکەکانی ســـەری پیاوان، بەڵکوو بەگوێرەی ئایدیاکانی خۆیان، ڕابەرایەتیی خواســـت و داوا ڕزگاریخوازییەکانی خۆیان بکەن.

لەلایەکی تریشـــەوە کولتووری دایکپەرســـتی هەیە کە ڕەهەندێکی تەواو دژ بە ژنە. واتا ئەو پیاوەی دایکپەرستە یان عاشـقی دایکییەتی مەرج نییە پیاوێک بێت بـاوەڕی بە ئـازادیی هەمەلایەنە و یەکســـانی ژن هەبێت. مێژوو پڕیەتی لە نموونەی دایکپەرســـتی، بەڵام هەر لەو کاتەی دایک دەپەرســـتێت ژن دەکاتە کۆیلە. نموونەی مۆدێرنی دایکپەرسـتییش لە مۆدێلە فاشـیسـتییەکانی ئەڵمانیای نازی و ئیتاڵیای فاشـیســتیدا هەن. هەم هیتلەر و هەم موسـۆلینی (بەتایبەت لە کەیســـی موســـۆلینیدا) بە فراوانی پێیان وابوو کۆمەڵگەی مۆدێرن و مۆدێرنیتە بریتین لە سەرهەڵدانی ژنان یان بەژنانەییکردنی مێژوو و کۆمەڵگە و دەسەڵات.

بۆ ئەم مەبەستە پێیان وابوو کە  بزووتنەوەکانی نازیی و فاشیستی دەتوانن جارێکی دیکە سەروەری بۆ ئەو پیاوە بگەڕێننەوە، کە ئێستا لەناو کۆمەڵگەی جەماوەریی ژناندا دەسەڵات، شکۆ و شەرەفی لەدەست داوە. لە کاتێکدا هەردوو ڕابەریش بە شێوەیەکی موقەدەس سەیری کارەکتەر و فیگەری دایکیان دەکرد. دایک بۆ ئەوان ڕەمزی بەرهەمهێنانەوە، واتا نەوەخستنەوەی سەربازی پاڵەوانە کە دەست لەسەر سینە ئامادەیە خۆی بکاتە قوربانیی وڵاتی باوک. دایک موقەدەسە، چونکە هەمیشە ئامادەی قوربانیدانە بۆ ڕۆڵەکانی، ئەو ڕۆڵانەی سبەی سەرباز و جوندیی نیشتمانن. ئەدەبیات و فیلم و کولتووری بینراوی نازیزم و فاشیزم پڕیەتی لە نواندنەوەی کارەکتەری موقەدەسکراوی دایک. بەڵام ئەم دوو بزووتنەوەیە تا دوا ڕادە دژی ژنان و ژنانەییکردنی کۆمەڵگە بوون. موسۆلینی هەمیشە بەگاڵتەوە دەیگوت چەمکی چین (*class*) لە ئەڵمانی و ئیتاڵیدا ئامرازی ناساندنی مێینە و جەماوەریش بە هەمان شێوە، بەڵام چەمکی دەوڵەت نێرانە و پیاوانەیە و بۆیە هەم نازیزم و هەم فاشیزم دەوڵەتیان وەک دروستکراوێکی موقەدەس دەبینی، لە هەڕەمی دەوڵەتیشدا، بێگومان لەبیریان نەکردبوو کارەکتەری دایک زەق بکەنەوە.

ئەم پرسە بە فراوانی لە کوردستانیشدا هەیە، هەموو گۆشە و کۆڵان و پارکێکی کوردستان پەیکەری دایکی هەیە، هەر تاکێک دایکی لا موقەدەس و پیرۆزە، بەڵام وەک بە فراوانی دەزانین زۆربەی زۆری پێکهاتە کولتووری و کۆمەڵایەتییەکان پشتیوانی لە توندوتیژیی دژی ژنان دەکەن، هەر ئەو «پیاوانە»ی دایکیان لا موقەدەسە، ڕێگەی تێدەچێت بەرانبەر بە خوشک و هاوژینەکانیان توندوتیژ بن، چونکە کە ژن بوو بە دایک، چیتر لای ئەوان وەک هەڕەشە بۆسەر نەزمی هەڕەمی و قووچەکیی هەژموونی پیاوەتی و

پیاوسالاری نابینرێت. دایک قوربانیدەرە، ئامادەیە خۆی بکاتە قوربانیی ڕۆڵەکانی، ئەو ڕۆڵانەی کە ڕەنگە سبەی سەربازی نیشتمان بن. بەڵام ژن وەک بکەرێک خۆی دەبینێت کە خاوەن مافی یەکسانە، داوا دەکات هاوشێوەی پیاو لە شوێن و پێگەی یەکساندا بووەستێت، بێگومان ئەمەش دەبێتە هەڕەشە بۆسەر نەزمی ماوەدرێژیی هەرەمی «هەژموونی پیاوەتی». دیارە مەبەست لەم قسانە بەو مانایە نییە کە دایک خاوەن کەرامەت و بوونێکی شایستە و ڕێزلێگیراو و خۆشەویست نییە، بەپێچەوانەوە، بەڵکوو ئامانجی ئەم بۆچوونەی ئێمە ئەوەیە بڵێین کە لە پشتی ماسکی دایکپەرستییەوە، کولتووری دژەژنیی خۆی حەشار داوە. هەروەها دەبێت ئەوەش بڵێین پرسەکە بریتی نییە لە پرسی تاک، بێگومان کەسانێکی زۆر هەن دایکیان لا موقەدەسە لە ژنان و پیاوان، هاوکات باوەڕی موتڵەقیشیان بە یەکسانیی هەمەلایەنەی نێوان ژنان و پیاوان، جێندەرەکانی دیکە و دەرە-جێندەرەکان هەیە.

وەک دوا خاڵی ئەم لێکۆڵینەوەیە دەمەوێت ئاماژە بە ئایدیۆلۆژیایەکی دوور و درێژ بکەم کە دەڵێت «لەناو پەیامبەران و فەیلەسوفان و زانایان و هونەرمەنداندا ژن هەڵنەکەوتووە». ئەم دەربڕینە ئەگەرچی ڕاستیی تێدا نییە بەتایبەت لە حاڵەتی «فەیلەسوفان و زانایان و هونەرمەنداندا»، بەڵام ئەم ئایدیۆلۆژییە ئەوە لە بیر دەکات کە مێژووی سەرهەڵدانی سایکۆلۆژیای سەرکوت و کولتووری سەرکوتکار و پەراوێزخستنی ژنان و بردنیان بۆ کون و کەلەبەرەکانی ماڵەوە و زیندانیکردنیان، بێگومان نابێتە دەرفەت بۆ سەرهەڵدانی بیرکردنەوەی فەلسەفی و کولتووری. (ئەریستۆتێلیس) پێی وابوو بۆ ئەوەی فەلسەفە ڕوو بدات دەبێت کۆیلایەتیش هەبێت، نیچە ئەم قسەیە لە ئەریستۆ قەرز دەکات و دەڵێت بۆ ئەوەی کولتوور چرۆ بکات، دەبێت بەشێکی

گەورەی کۆمەڵگە بکرێتە کۆیلە. مانای پشــتی ئەم قســانە ئەوەیە کە تەنها ئەو کەســـــانە دەتوانن کولتوور و فەلســـــەفە بەرهەم بهێنن کە کارناکەن، یاخود لە ئەمڕۆدا، کارێکی ئارام و خۆشـــــی وەک پرۆفیســـــۆری ئەکادیمی دەکەن و دەستکەوت و داهاتی ماددیان دەیانجار بەرزترە لە داهاتی کرێکارێکی ئاسایی.

کۆلۆنیالیزم کۆمەڵگە کۆلۆنیزەکراوەکان وا لێدەکات توانای گەشــەی ئابوورییان نەبێت، ئەمەش ڕێگە لەوە دەگرێت دەرفەتی یەکســـــانی پەروەردە و گەشــــــە و چرۆی کولتوور و هونەر بێتە ئاراوە. بۆیە دەبینین هەموو ئەو کۆمەڵگـانەی کۆلۆنیزەکراون، بەڕادەیەکی فراوان لەژێر ئاسـتی موتڵەقی ناگەشـەسـەندووییدا هێڵراونەتەوە، هەژاری، نەخوێندەواری و نەزانیی قووڵ ڕیشـــــەیان داکوتاوە و لەپاڵیشـــــیدا توندوتیژی بەردەوام لە هەڵکشـــــاندایە، با نموونەی کۆمەڵگەی ئەفغانسـتانی، بەڕادەیەکیش کۆمەڵگەی کوردی وەربگرین. سـەرمایەداری لەلای خۆیەوە گەشـــەی ناهاوســـەنگ دروسـت دەکات و وادەکات لە ئەمڕۆدا منداڵانی چینێکی کەم توانای زۆرترین گەشـــــەی پەروەردەییان هەبێت، بەڵام منداڵانی چینی کرێکار، کە ڕێژەی گەورەی کۆمەڵگەکان پێک دەهێنن، لە ئاستێکی بەرزی خوێندنی باڵادا نەبن، بەڵکوو کۆی دەرفەتەکانیان گەڕان بێت بۆ دۆزینەوەی کار و دانی باجی فراوان و نەبوونی کاتی بەتاڵی پێویست بۆ خۆ-پەروەردەکردن و خۆ-فێرکردن، یان بوون بە هونەرمەند و بیرمەند و فەیلەسـوف. دیسـان لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەمەوە کە مەبەست لە کاتی بەتاڵ بۆ خۆ-پەروەردەکردن ئەوە نییە کە فەلســـەفە، کولتوور و هونەر بکاتە کایەی دەرەوەی کار و کرێکار بخاتە دەرەوەی هەرێمی هونەرمەند و فەیلەســـــوف و کولتوورناســــــەوە، ئەو مۆدێلە سـەرمایەدارییەی لەسـەر بنەمای دابەشـکردنی کار دامەزراوە، دەرفەتی ئەوەی لە زۆرینەی کۆمەڵگە ســــــەندووەتەوە پراکتیکی کولتوور بکات و ئەو

کەمینەیەش کە لەو بوارەدا چالاکە، ئاگاییی خۆی بەرەو شـــوێنێکی دەرەوەی جیهانی واقیعی ئاراســـتە دەکات و نامۆبوونی مرۆڤ لە مرۆڤ، کرێکار لە کرێکار، کرێکار لە مرۆڤ و لە سروشت و کۆمەڵگە، و پاشان بێبەریبوونی لە ژیانی کولتووریی قووڵتر و قووڵتر دەبێتەوە و لێرەشەوە دەرفەتی سەرهەڵدانی کولتوورێکی پێشـــکەوتووخواز لە مەیدانی گشـــتیدا زیاتر کەم دەبێتەوە و لەم ڕووەوە دەرفەت بۆ ســـیاســـەتە پۆپۆلیســـتییەکان و بیرە ڕاســـتڕەوییەکان دەخوڵقێت ئاسانتر کار لە توێژەکانی خوارەوەی کۆمەڵگە بکەن و زیاتر پەرە بە بیرە کۆنەپارێزەکانی وەک ڕقی نەتەوەیی، ســـێکســـیزم، ڕقی ئایینی، و بیری فاشیستی بدەن.

ئەمە بۆ پرســی ژن بە هەمان شــێوە ڕاســتە، لەو ســاتەوەی ژن لە ســەکۆی مێژوویی و سیاسی دەرکراوە هەزاران ساڵی بەسەردا تێپەڕیوە و نەک هەر بە فیزیکی و ئـابووریی وابەســـتەی پیـاو کراوە، بەڵکوو ســـایکۆلۆژیـایەکی سـەرکوتکراویشـی بۆ دروسـتبووە کە خۆبەخۆ دان بەوەدا بنێت کە پاشـکۆیە و بێتوانایی لە بەرهەمهێنانی کولتووریی، نەک وەک دیاردەیەکی مێژوویی بەڵکوو بە ســروشــتی بیبینێت و ڕۆژانەش مۆدێلە باوەکانی فەلســەفە، ئایین، نەریت، سایکۆلۆژیا و کولتوور ئەم بیروباوەڕە باڵادەستە بەرهەمبهێننەوە. کەواتە وەک دەرەنجام ڕوونە کە هەرگیز دەرفەتی یەکسـان لەب ەردەم ژن و پیاودا نەبووە لە مەیـدانی بەرهەمهێـنانی کولتووریـدا تـا بزانین کـام مۆدێلی بەرهەمهێـنانی کولتووریی فراوانتر، باڵاتر و باشـــترە. قســـەکردن لەســـەر پلەی بەراوردی دەســـتکەوت و بەرهەمە کولتوورییەکـان تەنهـا کـاتێک دەکرێـت کە دۆخی گونجاوی یەکسـان لە ئارادا بێت. بە دڵنیاییەوە ژنێکی ژێر دەسـەڵاتی تاڵیبان لە کابول کە ئێسـتا لە زانکۆش قەدەغە دەکرێت، هەمان دۆخی یەکسـانیی پیاوێکی

نییە لە بەرلین و هارڤارد و ئۆکســفۆرد تا بێین بێتوانایی و بێکولتووریی ژنێکی ئەفغانســتانی بەراوردی ئەوەی پێی دەگوترێت «پیاوێکی داهێنەری وەک مارک زوکەربێرگ» بکەین.

**پەراوێزەکان**


1. Bertolt Brecht, *Fragen eines lesenden Arbeiters*, in Die Gedichte, Die Sammlungen, Die Einzelgedichte, Vollstänidge Neuaususgabe, Suhrkamp Verlag, Frankfurt am Main, 2016, s.291-292.

2. بڕوانە: کارڵ مارکس و فریدریش ئەنگڵس، *مانیفێستی پارتی کۆمۆنیست*، وەرگێڕانی پێشڕەو محەمەد، ناوەندی توێژینەوە و هزریی شەهید ئارام، سلێمانیی، ٢٠١٦.

3. بۆ زانیاریی دەربارەی چەمکی نامۆیی لای مارکس بگەڕێنەوە بۆ شاکارەکەی ئستڤان مێزارۆش:

   István Mészáros, *Marx's Theory of Alienation*, Merlin Press, London, 2006.

4. Karl Marx, 'Comments on James Mill, *Elements d'Economie Politique*', in *Marx/Engels Collected Works*, Volume 3, Lawrence & Wishart, London, 2010, p.228.

5. Karl Marx, *Ökonomisch-philosophische Manuskripte aus dem Jahre 1844*, in Karl Marx, Friedrich Engels: Werke, Dietz-Verlag, Berlin 1968, Band 40, s.39-40-

6. هەمان سەرچاوە.

7. هەمان سەرچاوە.

8. Karl Marx and Friedrich Engels, *The German Ideology*, in Marx/Engels Collected Works, Volume 3, Lawrence and Wishart, London, 2010, p.31.

9. هەمان سەرچاوە.

10. بۆ زانیاریی زیاتر بگەڕێنەوە بۆ:

پێشــڕەو محەمەد، دیالەکتیکی هونەری ســێیەم (دەربارەی مۆدێرنیتە، شــار، سینەما، فۆتۆگرافیی، تەکنیک)، ناوەندی ڕۆشنبیریی ڕەهەند، سلێمانیی، ٢٠٢٠.

11. Georg Wilhelm Friedrich Hegel, *Wissenschaft der Logik*, Band 21, Felix Meiner Verlafg, Hamburg, 2008, s.419-422.

12. پێویســتە ئەوە بزانین میل ڕاناوی نێرینە وەک دەســەڵاتدار بەکاردەهێنێت، نەک ئەو ئەفسانەیەی پێیوایە میل سەرمەشقی ئازادیی و یەکسانیی نێوان ژنان و پیاوانە. نەریتی لیبراڵ، دەسەڵاتی لە دەستی پیاودا دەبینی.

13. John Stuart Mill, *On Liberty and Other Essays*, Oxford University Press, Oxford, 1998, p.73.

14. هەمان سەرچاوە، ل.٧٩.

15. ســەبارەت بە پێناســەی ئەم «بەکۆمەڵایەتییکردنە بابەتییەی بەرهەمهێنان» بگەڕێنەوە بۆ

Ernst Mandel, *Late Capitalism*, Verso, London and New York, 1978, p.595.

16. Karl Marx, *Grundrisse: Foundations of the Critique of Political Economy*, Penguin Classics, London, 1993, p.421.

17. هەمان سەرچاوە، لل.٦١٧-٦١٨.

18. Friedrich Engels, *Der Ursprung der Familie, des Privateigentums und des Staats*, in Karl Marx/Friedrich Engels – Werke, Karl Dietz Verlag, Band 21, 5. Auflage, Berlin, 1975, s.61-62.

19. هەمان سەرچاوە.

20. هەمان سەرچاوە.

21. Aleksandra Kollontai,*Make way for Winged Eros: A Letter to Working youth Love as a Socio-psychological Factor*, in *From Symbolism to Socialist Realism: A Reader*, edited by Irene Masing-Delic, Academic Studies Press, Boston, 2012, p.168.

22. Juliet Mitchell, *Psychoanalysis and Feminism*, Pelican, Harmondsworth, 1975, p.412.

23. Heidi Hartmann, *The unhappy marriage of Marxism and feminism: towards a more progressive union*, in Lydia Sargent (ed), *Women and Revolution*, South End Press, Cambridge MA, 1981, pp.1-42; Christine Delphy, *Close to Home. A Materialist Analysis of Women's Oppression*, Hutchinson, London, 1984, pp.69, 71.

24. Heidi Hartmann, *The unhappy marriage of Marxism and feminism*, ob.cit, p.7.

25. هەمان سەرچاوە، ل.٩.

26. Martha Gimenez, *Capitalism and the oppression of women: Marx revisited*, Science & Society, 69 (1), January 2005, pp.11-32;

27. Georg Simmel, "*The Metropolis of Modern Life*" in Donald Levine (ed) *Simmel: On Individuality and Social Forms*, Chicago University Press, Chicago, 1971, p.324.

28. بۆ زانیاریی زیاتر بگەڕێنەوە:

Norbert Elias, *Über den Prozeß der Zivilisation: Soziogenetische und psychogenetische Untersuchungen*, Zwei Bände, Suhrkamp Verlag, Frankfurt am Main, 1976.

29. Ignacio Martín-Baró, *Writings for a liberation psychology*, Harvard University Press, 1994, pp.210-211.

# لیستی سەرچاوەکان

## ئینگلیزیی و ئەڵمانیی


Aleksandra Kollontai,*Make way for Winged Eros: A Letter to Working youth Love as a Socio-psychological Factor*, in *From Symbolism to Socialist Realism: A Reader*, edited by Irene Masing-Delic, Academic Studies Press, Boston, 2012.

Bertolt Brecht, *Fragen eines lesenden Arbeiters*, in Die Gedichte, Die Sammlungen, Die Einzelgedichte, Vollstänidge Neuausgabe, Suhrkamp Verlag, Frankfurt am Main, 2016.

Christine Delphy, *Close to Home. A Materialist Analysis of Women's Oppression*, Hutchinson, London, 1984.

Ernst Mandel, *Late Capitalism*, Verso, London and New York, 1978.

Friedrich Engels, *Der Ursprung der Familie, des Privateigentums und des Staats*, in Karl Marx/Friedrich Engels – Werke, Karl Dietz Verlag, Band 21, 5. Auflage, Berlin, 1975.

Georg Simmel, "*The Metropolis of Modern Life*" in Donald Levine (ed) *Simmel: On Individuality and Social Forms*, Chicago University Press, Chicago, 1971.

Georg Wilhelm Friedrich Hegel, *Wissenschaft der Logik*, Band 21, Felix Meiner Verlafg, Hamburg, 2008.

Heidi Hartmann, *The unhappy marriage of Marxism and feminism: towards a more progressive union*, in Lydia Sargent (ed), *Women and Revolution*, South End Press, Cambridge MA, 1981.

Ignacio Martín-Baró, *Writings for a liberation psychology*, Harvard University Press, 1994.

István Mészáros, *Marx's Theory of Alienation*, Merlin Press, London, 2006.

John Stuart Mill, *On Liberty and Other Essays*, Oxford University Press, Oxford, 1998.

Juliet Mitchell, *Psychoanalysis and Feminism*, Pelican, Harmondsworth, 1975.

Karl Marx and Friedrich Engels, *The German Ideology*, in Marx/Engels Collected Works, Volume 3, Lawrence and Wishart, London, 2010.

Karl Marx, 'Comments on James Mill, *Elements d'Economie Politique*', in *Marx/Engels Collected Works*, Volume 3, Lawrence & Wishart, London, 2010.

Karl Marx, *Grundrisse: Foundations of the Critique of Political Economy*, Penguin Classics, London, 1993.

Karl Marx, *Ökonomisch-philosophische Manuskripte aus dem Jahre 1844*, in Karl Marx, Friedrich Engels: Werke, Dietz-Verlag, Berlin 1968.

Martha Gimenez, *Capitalism and the oppression of women: Marx revisited*, Science & Society, 69 (1), January 2005.

Norbert Elias, *Über den Prozeß der Zivilisation: Soziogenetische und psychogenetische Untersuchungen*, Zwei Bände, Suhrkamp Verlag, Frankfurt am Main, 1976.

**کوردیی**

پێشڕەو محەمەد، دیالەکتیکی هونەری سێیەم (دەربارەی مۆدێرنیتە، شار، سینەما، فۆتۆگرافیی، تەکنیک)، ناوەندی ڕۆشنبیریی ڕەهەند، سلێمانیی، ٢٠٢٠.

کارڵ مارکس و فریدریش ئەنگڵس، *مانیفێستی پارتی کۆمۆنیست*، وەرگێڕانی پێشڕەو محەمەد، ناوەندی توێژینەوە و هزریی شەهید ئارام، سلێمانیی، ٢٠١٦.